# { بڕۆن و موژدەی شانشینی خودا جاڕبدەن }

## ڕێبەری نۆیەم

## بۆ ڕابەرانی کۆمەڵەکان

# پێشەکی

## ئینجیلی شانشین چی یە ؟

ئینجیلی شانشین هەواڵی خۆشە لەبارەی شانشینی خوداوە . بەشێوەیەکی گشتی ، دەکرێ پێناسەی شانشینی خودا بکرێ بەوەی خودا فەرمانڕەوایی دەکات بە سەروەریی خۆی وە پاشایە بەسەر هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتێکدا لە جاویدانەوە تا هەتایە ( زەبور ٢٤: ١؛ ١٤٥: ١٣) . وە بەشێوەیەکی تایبەت و زیاتر دیاریکراو ، شانشینی خودا فەرمانڕەوایەتی سەروەرانەی خودایە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ( مەتا ٢٨: ١٨) . شانشینی خودا لەسەر بنەمای کاری ڕزگاریی تەواوەتی مەسیح بونیاد نراوە ( کردار ٢: ٣٦) ، وە باوەڕدارانیش سود لەم کارە ڕزگاریە دەبینن بۆ ژیانیان لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ( ڕۆما ١٤: ١٧) . شانشینی خودا هەستی پێدەکرێ ودەبینرێ لە دڵی باوەڕداراندا ( لۆقا ١٧: ٢٠- ٢١ ) ، وە کار دەکات لە ژیانیاندا . شانشینی خودا لە چوار لایەنی بینراودا دەردەکەوێت : لە ڕزگاری تەواوەتی باوەڕداراندا لە سەرەتاوە تا کۆتایی ( مەرقۆس ١٠: ٢٥- ٢٦) ، وە لە دامەزراندنی باوەڕداران و ڕێکخستنیان لە یەك کڵێسای سەر زەوی ( مەتا ١٦: ١٨- ١٩) ، وە لەکار چاکەکانی باوەڕداران و کاریگەری باشەو چاکەیان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ( مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠) ، وە لە کۆتاییدا لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ ئەوەی خودا بەدی دەهێنێ لە هاتنەوەی دوەمی خوداوەند عیسای مەسیح دا ( ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٥) .

## کەی بە ئینجیل موژدەی شانشینی خودا جاڕ دەدرێت ؟

لە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح دا ، عیسای مەسیح بە ئینجیل جاڕی موژدەی شانشینی دا ( مەرقۆس ١: ١٤- ١٥ ؛ مەتا ٤: ٢٣) . وە زیاتر لە پەنجا نمونەی باس کرد زۆربەیان تایبەت بوون بە شانشینی خودا . لەو نمونانەدا عیسای مەسیح فێرمان دەکات لەبارەی سروشتی شانشینی خودا ، بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتی چوونە ناو شانشینی خوداو چۆنیەتی

ژیان کردن تیایدا. لە کۆتاییدا عیسای مەسیح فەرموی : " ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەك شایەتییەك بۆ هەموو نەتەوەکان، ئینجا کۆتاییەکە دێت." ( مەتا ٢٤: ١٤) . ئیدی بەم شێوەیە ، دوای دامەزراندنی کڵێسای مەسیح ەسەر زەوی ، باوەڕداران دەستیان کرد بە مزگێنیدان بە ئینجیل و بانگەوازی شانشینی خودا ( کردار ٨: ١٢؛ ١٩: ٨ ؛ ٢٠: ٢٤- ٢٥ ؛ ٢٨: ٢٣ ، ٣١) . جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا و ژیانکردن تیایدا بە پێی ئەو شانشینیە و بەپێی هەمان ئەو جاڕدانی موژدەیە و بانگەوازە ئەرکی هەموو باوەڕدارێکی مەسیحە لە ئەمڕۆدا مەتا ٢٣: ٣.

{ ئامانج لەم چوار کتێبەی کە تایبەتە بە ڕابەرانی کۆمەڵەکان لەمەڕ بونیادنانی کڵێسای مەسیح }

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ڕێگەیەکی پراکتیزە لە خۆ دەگرێ بۆ بونیادنانی کڵێسە و هاوکات یارمەتیدەرە بۆ ڕابەری کۆمەڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- هەر یەك لەم چوار کتێبە دوازدە وانە لەخۆ دەگرێ بۆ ڕاهێنان لە بونیادنانی کڵێسا و دەکرێ لە ماوەی سێ مانگدا تەواو بکرێ .

٢- شایەتە سەرەکیەکان یارمەتیدەرن بۆ قوتابیەکان لە زیاتر ناسینی مەسیح و کتێبی پیرۆز و کڵێسا .

٣- ئەو ڕێنماییانەی بە خەتێکی تۆخ نوسراون بۆ وێنە { بخوێنەوە ، ئاشکرای بکە ، وتوێژی لەبارەوە بکە } یارمەتیدەرە بۆ ڕابەری کۆمەڵەکە لە ڕابەرایەتی کردن. ٤- ڕابەر دەتوانێ وەڵامی کورتی هەموو پرسیارەکان بدۆزێتەوە لە ژێر ناونیشانی تێبینیەکاندا.

٥- ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێ شێوازی پراکتیکی تێدایە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە لە وردبونەوەو لێکۆڵینەوە لە ئینجیلی پیرۆز بە پێی نوسینی یۆحەنا لەسەر ئاستی تاك یان لەگەڵ کۆمەڵەکەدا.

٦- هەر یەك لە وانەکان ئەرکی ماڵەوە لەخۆ دەگرێ و ڕادەستی قوتابی دەکرێ .

٧- هەر قوتابیەك ئارەزومەندە لە بەشداریکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ کەسانی تر زۆر ئاسانە و دەکرێ دوای تەواو بوونی یەکێك لە وانەکان کۆپیەکی پێ بدرێ وەك ڕێبەری تایبەتکراو بە ڕابەرانی کۆمەڵەکان.

نوێژ دەکەین کە خودا کار بکات لە زۆری ڕێژەی کۆمەڵەی باوەڕداران یاخود کڵێساکانی نێو ماڵەکان لە ناوچەکەتاندا بە خێرایی ! مەسیح فەرموی " کۆمەڵەی خۆم بونیاد دەنێم و دەروازەکانی دۆزەخیش پێی ناوێرێ مەتتا ١٦: ١٨ " ! خوداوەند شکۆدار بێ " چونکە هەموو شتەکان لە ئەوەو بە هۆی ئەوەو بۆ ئەوە . تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە ! ئامین ." ڕۆما ١١: ٣٦.

## ناوەڕۆکی ڕێبەری نۆیەم بۆڕابەری کۆمەڵەکان

### ئەرکەکانی کڵێساو جێبەجێکردنیان

<u>پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکەم</u>

پرۆگرامێکی هەفتانەیەو ماوەکەی سێ مانگەو هەر هەفتەو دوو کاژێر دەخایەنێت ، کۆمەڵەیەکی بچوک پێکبهێنە بریتی بن لە ٣ بۆ ١٠ کەس هەر وانەیەك بە نوێژ دەست پێدەکات وبە نوێژ و ئەرکی ماڵەوە کۆتایی پێ دێت .

<u>وانەی 1 :</u> بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( پەیدابوون ٢٢، ٢٤ ، ٢٧ ، ٢٨ ). لەبەرکردن ( بچنە نێو شانشین : یۆحەنا ٣: ٣، ٥) . فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی دامەزراندنی شانشینی خودا : نمونەی بەستنەوەی بەهێز ) .

<u>وانەی ٢ :</u> بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( پەیدابوون ٣٢، ٣٧ ، ٣٩ ، ٤٥) . لەبەرکردن ( پێشوازی لە منداڵان بکەن لە شانشین دا : لۆقا ١٨: ١٦- ١٧) . وانەی کتێب ( ڕۆما ١: ١- ١٧) .

<u>وانەی ٣ :</u> بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( دەرچوون ١، ٢، ٣، ٤ ) . لەبەرکردن ( جاڕی موژدەی شانشین بدەن : مەتا ٢٤: 14 ) . فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی وشەی خودا لە شانشینی خودا : نمونەی تۆوچێن ) .

وانەی ٤ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( دەرچوون ١٨ ، ٢٠ ، ٣٢، ٣٣) . لەبەرکردن ( ئاوڕ مەدەنە دواوە لە خزمەتی شانشیندا : لۆقا ٩: 62 ) . وانەی کتێب : ڕۆما ١: ١٨- ٢٢ ) .

وانەی 5 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (وتەکان ٤، ٥، ٦، ٧) . لەبەرکردن : سەرکەوتنی شانشین ( دانیال ٢: 44 ) . فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی نێردراوانی خودا لە شانشینی خودا ، نمونەی بریکارە ناپاکەکان ) .

وانەی 6 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( وتەکان ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١). لەبەرکردن : ( پێداچونەوەی زنجیرەی ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە - شانشینی خودا ) . وانەی کتێب : ڕۆما ٢: ١- ٦ ) .

وانەی ٧: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (یەشوع ١، ٦ ؛ دادوەران ٢، ٧ ) . لەبەرکردن : ڕۆما ١: 16) . فێرکردن: نمونەیەك لەبارەی دوو جۆر خەڵك لە شانشینی خودا ، نمونەی گەنم و زیزان ) .

وانەی 8: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (دادوەران ١٣، ١٤، ١٥ ، ١٦) . لەبەرکردن : ڕۆما ١: 17) . ( وانەی کتێب : ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ ) .

وانەی 9 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (١ ساموئیل ٢، ٣ ، ٧ ، ٨ ) . لەبەرکردن : ڕۆما ٢: ٥) . فێرکردن: نمونەکان لەبارەی گەشەکردن لە شانشینی خودا ، نمونەکانی : ئەو تۆوەی بە نهێنی گەشە دەکات ؛ هەویرترش ؛ دەنکە خەردەل ) .

وانەی 10 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( ١ساموئیل ١٥، ١٦ ، ١٧ ، ١٨) . لەبەرکردن : ڕۆما ٢: ١٥) . وانەی کتێب : ڕۆما ٣: ١- ٢٠ ) .

وانەی ١١ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( ٢ ساموئیل ٢، ٥ ، ٦ ، ٧ ) . لەبەرکردن : ڕۆما ٣: ٢٨) . فێرکردن: نمونەکان لەبارەی

تێچوونی چوونە نێو شانشینی خودا ، نمونەی گەنجینەی شاراوە ؛ مرواری گرانبەها ).

وانەی ١٢: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی ( ٢ سامۆئیل ١١، ١٢ ، ١٣ ، ٢٤) . لەبەرکردن : پێداچونەوەی دوایین پێنج ئایەتی لەبەرکردن لە نامەی ڕۆما ) . وانەی کتێب : ڕۆما ٣: ٢١- ٣١ ) .

پاشکۆی یەکەم : ڕاڤەی نمونەکانی عیسای مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا .

پاشکۆی دوەم : لیستی سەرجەم نمونەکانی عیسای مەسیح لە کتێبی پیرۆزدا .

پاشکۆی سێ یەم : پێشەکیەك بۆ نامەی ڕۆما .

پاشکۆکانی دیکە ڕێگەیەکن بۆ شێوازی چێژ وەرگرتن لە کات بەسەربردن لەگەڵ خودا و لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و تێرامان لە وشەکانی خودا و لەبەرکردنیان : بڕوانە پاشکۆکان لە کۆتایی ڕێبەری یەکەم بۆ ڕابەری کۆمەڵەکان .

## **پرۆگرامی ڕاهێنانی دوەم**

پرۆگرامێکی چڕوپرە و دەکرێ ڕۆژێکی تەواو و یەکجار لە هەفتەیەکدا بەکاربهێنرێت . یان لە شێوەی کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕاهێنان و ماوەی شەش ڕۆژ بخایەنێت . کۆمەڵە گەورەکان دابەش بکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووک کە بریتی بن لە تەنها ٣ بۆ ١٠ کەس و ڕابەری ڕاهێنراو سەرپەرشتی هەر یەك لەو کۆمەڵانە بکەن .

پرۆگرامی پێشنیارکراو : ٠٩: ٠٠ – ٠٩: ٣٠ پەرستن وستایش بە کۆمەڵ .

٠٩: ٣٠- ١١: ٠٠ فێرکردن بە کۆمەڵ

١١: ٣٠ – ١٣: ٠٠ وانەی کتێبی پیرۆز بە کۆمەڵ

پشوو

١٦: ٠٠ – ١٧: ٠٠ کاتی درێکژکراوە بۆ کۆتایی هێنان بە فێرکردنەکان یان وانەی کتێب یان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یانیش فێرکردنی زیاتر (بەکۆمەڵ)

پشوو

١٧: ٣٠ – ١٧: ٤٥ لەشێوەی گروپی دوانەیی تێڕامان ولەبەرکردن .

١٧: ٤٥- ١٨: ٣٠ بە تەنهایی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا .

١٨: ٣٠- ١٩: ٠٠ خەڵوەتی ڕۆحی بە گروپی دوانەیی ( دووبەدوو ) .

١٩: ٠٠- ١٩: ٤٥ نوێژو بەشداریکردن ( بە کۆمەڵی بچوک کە زیاتر نەبن لە ١٠ کەس ) .

| | |
|---|---|
| ڕۆژی یەکەم : وانەی ١ و ٢<br>نوێژ<br>فێرکردن: نمونەکان لەبارەی دامەزراندنی شانشینی خودا )<br>وانەی کتێبی پیرۆز (ڕۆما ١: ١-١٧ )<br>لەبەرکردن : یۆحەنا ٣: ٣ ، ٥ ؛ لۆقا ١٨: ١٦- ١٧ )<br>خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا ( پەیدابوون ٢٢، ٢٤ ، ٢٧ ، ٢٨ ، ٣٢ ، ٣٩ ، ٤٥.<br>خەڵوەتی ڕۆحی (گروپی دوانەیی | ڕۆژی چوارەم : وانەی 7 و ٨<br>نوێژ<br>فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی دوو جۆر خەڵك لە شانشینی خودا .<br>وانەی کتێبی پیرۆز: ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ .<br>لەبەرکردن : ڕۆما ١: ١٦ ؛ ڕۆما ١: ١٧ .<br>خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز : یەشوع ١ ؛ دادوەران ٢ ، ٧ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٥ ، ١٦. خەڵوەتی ڕۆحی (گروپی دوانەیی : دادوەران ٢ . |

پەیدابوون ٤٥) . بەشداریکردن ونوێژ

---

ڕۆژی دوەم وانەی ٣ و ٤

نوێژ

فێرکردن : نمونەیەك لەبارەی وشەی خودا لە شانشینی خودا .

وانەی کتێبی پیرۆز : ڕۆما ١: ١٨-٣٢ . لەبەرکردن : مەتا ٢٤: 14 ؛ لۆقا ٩: ٦٢.

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا: دەرچوون ١، ٢، ٣ ، ١٨ ، ٢٠ ، ٣٢، ٣٣ .

خەڵوەتی ڕۆحی گرووپی دوانەیی دەرچوون ١٨ . بەشداریکردن ونوێژ

---

ڕۆژی سێ یەم وانەی ٥ و ٦

نوێژ

فێرکردن: نمونەیەك لەبارەی نێردراوانی خودا لە شانشینی خودا.

وانەی کتێبی پیرۆز : ڕۆما ٢: ١-١٦.

لەبەرکردن : دانیال ٢: ٤٤ ؛ پێداچونەوەی زنجیرەی تایبەت بە شانشینی خودا .

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا : وتەکان ٤، ٥، ٦، ٧، ٨ ، ٩ ، ١٠ .

خەڵوەتی ڕۆحی گرووپی دوانەیی:

بەشداریکردن ونوێژ

---

ڕۆژی پێنجەم : وانەی ٩ و ١٠

نوێژ

فێرکردن : نمونەکان لەبارەی گەشەکردن لە شانشینی خودا.

وانەی کتێبی پیرۆز : ڕۆما ٣: ١-٢٠ .

لەبەرکردن : ڕۆما ٢: ٥ ؛ ڕۆما ٢: ١٥ .

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز: ١ساموئیل ٢، ٣ ، ٨ ، ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨ .

خەڵوەتی ڕۆحی ( گرووپی دوانەیی ١ساموئیل ٨ ) .

نوێژ وبەشداریکردن

---

ڕۆژی شەشەم : وانەی 11 و 12

نوێژ

فێرکردن : نمونەکان لەبارەی تێچوونی چوونە نێو شانشینی خودا.

وانەی کتێبی پیرۆز : ڕۆما ٣: ٢١-٣١ .

لەبەرکردن : ڕۆما ٣: ٢٨ ؛ پێداچونەوەی دوایین پێنج ئایەتەکانی لەبەرکردن لە نامەی ڕۆما .

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز: ٢ساموئیل ٥، ٦ ، ٧ ، ١١ ، ١٢ ،

| | |
|---|---|
| وتەكان ٦ .<br>بەشداریكردن و نوێژ | ١٣ ، ٢٤ .<br>خەڵوەتی ڕۆحی بە گرووپی دوانەیی : ٢ساموئیل ٧ . بەشداریكردن ونوێژ |

فێركردنی زیاتری پێشنیاركراو :

پاشكۆی یەكەم : ڕاڤەی نمونەكانی عیسای مەسیح لە كتێبی پیرۆزدا .

پاشكۆی دوەم : لیستی سەرجەم نمونەكانی عیسای مەسیح لە كتێبی پیرۆزدا .

پاشكۆی سێ یەم : پێشەكیەك بۆ نامەی ڕۆما .

## وانەی (١)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك)   پەیدابوون |
|---|---|

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێرامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( پەیدابوون ٢٢، ٢٤ ، ٢٧ ، ٢٨) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) "بڕۆنە نێو شانشینی خودا" یۆحەنا ٣: ٣، ٥ |
|---|---|

زنجیرەی نۆیەم لە ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەتە بە " شانشینی خودا ". ناونیشانی پێنج ئایەتەکەی لەبەرکردن ئەمانەن : بڕۆنە نێو شانشینی خودا ، پێشوازی بکەن لە منداڵان لە شانشینی خودا ، موژدەی شانشینی جاڕ بدەن ، ئاوڕ مەدەنەوە بۆ دواوە لە خزمەتی شانشیندا ، وە لە سەرکەوتنی شانشیندا . بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، "بڕۆنە نێو شانشینی خودا " یۆحەنا ٣: ٣، ٥.

| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) بەستنەوەی بەهێز |
|---|---|

"نمونەی بەستنەوەی بەهێز" لە مەتا ١٢: ٢٩ تایبەتە بە **دامەزراندنی شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

ئەم وێنەیە خاڵ بەخاڵ لە ڕێبەری ڕینماییەکانی شەشەم و لێکۆڵینەوەی نمونەکان دا دەخوێنین ( بڕوانە ڕێبەری ڕینماییەکانی ۹ ، پاشکۆی ۱ ).

مەتا ۱۲: ۲۲- ۳۷؛ مەرقۆس ۳: ۲۲- ۳۰ ؛ لۆقا ۱۱: ١٤- ۲۳ .
خوداوەند عیسا لە مەتا ۱۲: ۲۸- ۲۹ دەفەرموێ : " بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان ! یان چۆن یەکێك دەتوانێ بچێتە ماڵی بەهێزێك و شتەکانی تاڵان بکات، ئەگەر زوو نەیبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات ؟. وە ئینجیلی لۆقا وشەکانی عیسای مەسیحمان بۆ دەنوسێ و دەفەرموێ : " بەڵام ئەگەر من بە پەنجەی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان . کاتێك پیاوێکی بەهێز و چەکدار پارێزگاری لە ماڵەکەی دەکات، ماڵەکەی پارێزراوە. بەڵام کاتێك یەکێکی لە خۆی بەهێزتر بێتە سەری دەیبەزێنێت، چەکەکانی لێ دەستێنێ کە پشتی پێی بەستبوو، تاڵانییەکەش دابەش دەکات. ( لۆقا ۱۱: ۲۰- ۲۲).

۱. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە مێژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

**هەر شانشینێك دوبەرەکی تێدا بێت ...**

وێران دەبێت و لەناو دەچێت ، هەر سارێك یانماڵێك دوبەرەکی تێدا بێت خۆی ڕاناگرێت ، بەڵکو وێران دەبێت و دەڕوخێت . ئەم ڕاستیە ئاشکرایەو پێویست بە شرۆڤەو سەلماندنی زیاتر ناکات . مێژووی جیهان پڕە لە چیرۆکی جەنگی ناوخۆیی کە بوونەتە هۆی وێرانبوونی وڵات . وە کتێبی زۆر هەن باسی چۆنیەتی ماڵوێرانی خێزانەکان دەکات بەهۆی دوبەرەکی و ململانێ وکێشەی ناوخۆیی .

یان چۆن یەکێك دەتوانێ بچێتە ماڵی بەهێزێك و...

شتەکانی تاڵان بکات، ئەگەر زوو نەیبەستێتەوە، ئینجا ماڵەکەی تاڵان بکات . ئەمەش لە هەموو جیهان ڕوودەدات ، ئەم نمونەیەش هەروەها ڕاستیەکی ناسراوەو پێویست بە سەماندن یان ڕوونکردنەوە ناکات . نمونە ی چیرۆکەکە وەرگیراوە لە ژیانی ڕۆژانەو ڕاستەقینەوە و بنەماکانی نمونەکەش ڕەنگە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بوونیان هەبێت .

**<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: ٢٢ـ ٢٤ .**

**پەرجوو .**

وەك دەبینین لە مەتا ١٢: ٢، ١٠ ، ١٤ ، ئەم بەشانە عیسا دەردەخات کە تا ئێستا لەگەڵ دوژمنەکانیدایە ، بەتایبەتی ڕابەرە ئایینەکان ئەوانەی بە فەریسیەکان و مامۆستایانی تەورات ناو دەبرێن . ئیدی خەڵکەکە پیاوێکیان هێنایە لای عیسا ڕۆحی پیسی تێدا بوو ، بینین و توانای قسەکردنی لەدەست دابوو . عیسا چاکی کردەوە ، ئەم پەرجوەی عیسا کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر ئامادەبوان ئەوانەی پەرجوەکەیان بینی . زۆر سەرسام بوون و هەستیان بە ترس کرد چونکە پەرجویەکی مەزن بوو .

مەسیح مەسیایە .

لەگەڵ ئەوەی زۆرێك بڕوایان وابوو عیسا ، مەسیحە چاوەڕوانکراوەکەی پەیمانی کۆنە ، بەڵام نەیاندەوێرا لە ترسی دوژمنە سەرسەختەکانی عیسا ( فەریسیەکان ) ئەم ڕاستیە دان پێدا بنێن و بیڵێن بە ڕاشکاوی . بۆیە پرسیاریان دەکرد : " ڕەنگە ئەمە کوڕەکەی داود بێت !" مەتا ١٢: ٢٣ . لە ماوەی خزمەتەکەی عیسای مەسیح لەسەر زەوی ، دەستەواژەی "کوڕی داود" بەرامبەر بە وشەی "مەسیح " یان "مەسیا" بەکار دەهات . ئەم بۆچوونەش لە ٢ سامۆئیل ٧: ١٢ـ ١٤ وە یەکەم پوختەی مێژوو ١٧: ١١ـ ١٤ سەرچاوەی گرتوە ، چونکە پێغەمبەر ناسان پێشبینی کرد کە یەکێك لە کوڕەکانی داود دەبێتە پاشای شانشینی خودا بۆ هەتاهەتایە ( بڕوانە مەتا ٢١: ١٥ـ ١٦) . بەڵام گەل بیرۆکەیەکی ڕوونیان نەبوو لەهاتنی مەسیحی مەسیای هاتوو . ئایا ئەم مەسیحە تەنها لە کێشەکانی سەر زەوی ڕزگاریان دەکات و بەس ، وەکو نەخۆشی و کەم ئەندامی جەستەیی ؟ یان ئەم مەسیحی مەسیایە ڕزگاریان دەکات لە ناخۆشی و تەنگانەو ستەمی سیاسی و سەربازی دەرئەنجامەکانی حوکمڕانی ڕۆمەکان ، بێ ئەوەی ڕزگارکاری گوناهە بێت ؟ زۆرێك تەنانەت بە قوتابیەکانی عیسای مەسیحیشەوە بیرۆکەیەکی تەندروستیان نەبوو لەبارەی مەسیح ، مەسیای

چاوەڕوانکراو . ئەوان پێیان وابوو مەسیح ، مەسیا دەبێتە پاشای سەر زەوی بۆ ئیسرائیل نەك پاشای ئاسمانی ( مەات ٢٠: ٢١ ؛ لۆقا ١٩: ٤١- ٤٢ ؛ یۆحەنا ٦: ١٥، ٢٦، ٣٠ ، ٣٥ ؛ کردار ١: ٦) .

**تۆمەتبارکردن .**

لەگەڵ ئەوەی عیسا مەسیای چاوەڕوانکراوە لە دێر زەمانەوە و بێزارکەری فەریسیەکان و مامۆستایانی تەوراتە . ئیدی مامۆستایانی تەورات ئەو هەموو ڕێگەیان دەبڕی لە ئۆرشالیمەوە بۆ ئەوەی بە وشەکانی یان بەو کارانەی دەیکات عیسا تووش بکەن و تاوانباری بکەن ( مەرقۆس ٣: ٢٢) . ( مەتا ١٢: ٢، ١٠) ، ( ٢ پاشایان ١: ١- ٦) ( مەتا ١٢: ٢٤- ٢٧ مەتا ٩: ٣٤ مەرقۆس ٣: ٣٠ یۆحەنا ٨: ٤٨ مەتا ١٠: ٢٥ (!

**ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: ٢٥، ٢٩ .**

**ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٢: ٢٩- ٣٧ .**

عیسا وەڵامی تۆمەتبارکردنە هەڵەکەیانی دایەوە کە ئاراستەی کرابوو.

**مەتا ١٢: ٢٥- ٢٦ : ئەو تۆمەتەی دژ بە عیسا ئاراستە کرا قێزەون بوو.**

عیسا دەفەرموێ بیرکردنەوە لەوەی شەیتان لە خودی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو دژی شانشینیەکەی خۆی و شوێنکەوتەکانی دەبێت قێزەونە ! چونکە شەیتان بەرهەڵستی خۆی ناکات بەهیچ شێوەیەك ، ئەگەر ئەمە بکات ئەوا کارەکانی و شانشینەکەی وێران دەکات .

**مەتا ١٢: ٢٧ : ئەو تۆمەتەی دژ بەعیسا ئاراستە کرا هەماهەنگ نیە لەگەڵ خۆیدا.**

عیسا دەڵێت شوێنکەوتەی فەریسیەکان ( بە ڕۆڵەکانی فەریسیەکان ناو دەبرێن ) دەیسلەمێنن کە فەریسیەکان هەڵەن . ئەو جولەکانە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تواناو دەسەڵاتیان هەیە بۆ دەرکدنی ڕۆحە پیسەکان و

شەیتان بەناوی خوداوە . وتەکەی عیسا لە مەتا ٧: ٢٢ دەریدەخات کە ئەمە دەشێ و ئەگەر ئەمە بکەن پێویست بە مشتومڕ ناکات .

ئیدی بەم شێوەیە ئەگەر بڵێن عیسا شەیتان و ڕۆحە پیسەکان بە هێزو دەسەڵاتی شەیتان دەردەکات ئەوا خۆیان تاوانبار دەکەن و حوکم دەدەن بەسەر خۆیاندا ! بەڵام ئەگەر بڵێن شەیتان دەرناکرێت بە هێزو دەسەڵاتی خودا نەبێت ئەوا حوکم دەدەن بەسەر مامۆستا فەریسیەکانیاندا لەو هەڵوێستەی هەیانە دژ بە عیسا . لەهەردوو بارەکەدا حوکمی شوێنکەوتەی فەریسیەکان ئابڕوبەر بوو بۆ فەریسیەکان !

**مەتا ١٢: ٢٨- ٣٠ : ئەو تۆمەتەی ئاراستەی عیسا کرا ڕاستی نا ڕوون دەکات .**

عیسا دەڵێت ئەو تۆمەتەی ئاراستەی کراوە لەلایەن فەریسیەکانەوە وەکو شاردنەوەی ڕاستی وایە ، چونکە ڕاستی تەواوەتی ئەوەیە عیسا شەیتان و ڕۆحە پیسەکان دەردەکات بە هێزی ڕۆحی خودا(ڕۆحی پیرۆز) نەك بە هێزی شەیتان (مەتا ١٢: ٣٢) ! لە سەرەتای خزمەتەکەیەوە عیسا نەخۆشەکانی چاککردەوە و مردووی زیندوو کردەوەو گەڕ و نابینای چاك کردەوە و لەگوناهەکان خۆش بوو ، وە دوژمنەکانی بە درۆ خستەوەو هەواڵی خۆشی بۆ هەموو خەڵکی ڕاگەیاند . لەم چوارچێوەدا شەیتان و ڕۆحە پیسەکانی دەرکرد . وە ئەم ڕاستیەی دەرخست کە نوێنەرەکانی شەیتان دەرکران واتە دەیسەلمێنێ کە شانشینی شەیتان هێرشی کراوەتە سەر ! وە عیسا فێرمان دەکات کە شانشینی شەیتان بەرەو ڕوخان دەچێت و دڵنیاییمان دەداتێ لەسەر دەستپێکردنی شانشینی خودا و خۆی کە پاشای شانشینیەکەیە ئامادەیە لە نێوانماندا ! بۆیە فەرموی : " بەڵام ئەگەر من بە ڕۆحی خودا ڕۆحی پیس دەربکەم ، ئەوا پاشایەتی خودا هاتووەتە سەرتان .)

**"شانشینی خودا** " خاوەندارێتی خودایە یاخود فەرمانڕەوایی سەروەرانەی خودایە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە بەسەر هەموو مرۆڤەکان وهەموو شتێکدا . بەتایبەتی خاوەندارێتی یە بەسەر گەلەکەیدا و کاردەکات لە دڵ و

ژیانیاندا . شانشینی خودا دەردەکەوێ لەسەرەتای ڕزگاربوونیان
ودەمازەراندنی کڵێسا لەسەرزەوی و دواجار کاریگەریان لەسەر
کۆمەڵگەکانیان . ( دانیال ١٠: ١٣، ٢٠ ؛ لۆقا ٤: ٥- ٧ ؛ ١٣: ١٦)
هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٥ ؛ بینین ١٢: ٥،
٩- ١٢ ؛ لۆقا ٤: ٥- ٨ ؛ کۆلۆسی ١: ١٣ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٧- ١٠ .

مەتا ١٢: ٣١- ٣٢ : ئەو تۆمەتەی ئاراستەی عیسا کرا لێخۆشبوونی نیە.

عیسا دەفەرموێ " لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: هەموو گوناە و کفرکردنێکی مرۆڤ دەبەخشرێت، بەڵام کفرکردن سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆز نابەخشرێت " بۆ نمونە گوناهەکانی داود بەر لێخۆشبوون کەوتن وەکو داوێن پیسی و درۆ و کوشتن ( زەبور ٣٢ ، ٥١) هەروەها ئەو گوناهانەی ژنە گوناهبارەکە کە لۆقا ٧ ئاماژەی پێکردوە ، وە گوناهی کوڕی ونبوو لە لۆقا ١٥: ١٣ . وە گوناهی پەترۆس کە سێ جار نکۆڵی کرد و جوێن و قسەی ناشیرینی ووت لە مەرقۆس ٢٦: ٩- ١١ . هەموو ئەوانە تۆبەیان کرد بە تۆبەیەکی ڕاستەقینە و لێخۆشبوونیان دەستکەوت .

دەستکەوتنی لێخۆشبوون واتە گوناهبار ئامادەیە ڕێ بکات لەو ڕێگایەی بەرەو لێخۆشبوونی دەبات ، کە دڵی ڕەق ناکات بەڵکو پێشوازی دەکات لە سەرزەنشتکردنی و تەمێکردنی لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە ، هەرچەند گوناهەکانی بەدو خراپ بن دەبەخشرێن ! بەڵام ئەو کەسەی دژ بە ڕۆحی پیرۆز بدوی نابەخشرێ ! لە وتەکەی عیسادا کە " کوفرکردن بە ڕۆحی پیرۆز نابەخشرێ" عیسا وشەی کوفرکردن بە واتای بێڕێزی و ئاڵانگیری و نەفرەت کردن لە خودا بەکاردەهێنێ ، وە سوکایەتی کردن بەو شتانەی پیرۆزن ! فەریسیەکان ئەوانەیان تێدا بوو ( مەتا ١٢: ٢؛ مەتا ١٢: ١٤) ؛ ١یۆحەنا ٥: ١٦.

هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٣: ١٢- ١٣ ؛ ٦: ٤- ٨ ؛ ١٠: ٢٦- ٣١ . بەڵام هەر کەسێ تۆبەیەکی ڕاستەقینەی کرد هەرچیەك بێت گوهانەکانی و تاوانەکانی چەند قێزەون و ئابڕوبەر بن نائومێد نابێت ( ئیشایا ١: ١٨؛ ١یۆحەنا ١: ٩) بەڵام باوەڕداران هۆشدارن

بەرامبەر كەمتەرخەمی . چونکە کوفرکردن بەرامبەر بە ڕۆحی پیرۆز لە دەرئەنجامی هەنگاوبەهەنگاوی ئەنجامدانی گوناهەوەیە . دەشێ مرۆڤ بە گوناهەكانی ، ڕۆحی پیرۆز غەمبار بكات ( ئەفەسۆس ٤: ٣٠) . وە بەردەوام بوون لە تۆبە نەکردن لە گوناهە بەرەو بەرهەڵستی كردنی ڕۆحی پیرۆزی دەبات ( كردار ٧: ٥١) وە بەردەوام بوون لە بەرهەڵستی كردنی ڕۆحی پیرۆز بەرەو كوژانەوەی ڕۆحی پیرۆزی دەبات تیایدا یاخود كوژانەوەی كارەكانی و ئاگرەكەی ( مەتا ١٢: ٣١- ٣٢) ( ١سالۆنیکی ٥: ١٩؛ عیبرانیەكان ٣: ٧- ٨ ) . " لەبەر ئەوە، وەك ڕۆحی پیرۆز دەفەرموێ : ئەمڕۆ، كاتێك گوێتان لە فەرمایشتی ئەو دەبێت، دڵی خۆتان ڕەق مەكەن وەك لە یاخیبوونەكە ڕوویدا، لە ڕۆژانی تاقیكردنەوە لە بیابان .)

مەتا ١٢: ٣٣- ٣٧ : ئەو تۆمەتەی ئاراستەی عیسا کرا خراپەكاری ئەوانە دەردەخات كە تۆمەتەكەیان ئاراستەی عیسا كرد .

مەتا ٧: ١٥- ٢٠ ؛ گەڵاتیە ٦: ٥ ؛ مەتا ٧: ٧ ؛ ١١: ٢٨- ٣٠ .

**٣. وردەكاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەكە دیاری بكە.**

**پێشەكی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێكی نێو نمونەكان واتاو مەبەستێكی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەكاری نێو نمونەكە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەكی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەكاری نێو نمونەكان دیاری نەكەین .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : ئەو وردەكاریانە كامانەن نمونەكە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەكی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەكان .**

**هەر شانشینێك دوبەرەكی تێدا بێت وێران دەبێت .**

هەر شارێك یان ماڵێك دوبەرەكی تێدا بێت وێران دەبێت ، ئەمە خاڵی وردەكاری و گرنگ و پڕ مەبەستە لە وانەیت سەرەكیدا كە دەفەرموێ شانشینی خودا دوبەرەكی تێدا نییە ، وە شانشینی خودا لە ڕاستیدا بەرهەڵستی ئامانج و چالاكیەكانی شانشینی شەیتان دەكات ! هەروەك چۆن شەیتان بەرهەڵستی و دوژمنایەتی شانشینیەكی خۆی ناكات ، بەڵكو بەرهەڵستی شانشینی خودا دەكات ، هەروەها مەسیح دەجەنگێ و بەرهەڵستی شانشینی شەیتان دەكات و سەردەكەوێ بەسەریدا .

**چوونە ماڵی كەسێكی بەهێزو بەستنەوەی .**

ئەمە خاڵی وردەكاری و پڕ مەبەستە تیایدا عیسا ئامانجەكانی هاتنی یەكەمی دەخاتە ڕوو كە بەستنەوەی بەهێزەكەیە ( عیبرانیەكان ٢: ١٤ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٨) هەروەها بڕوانە ( یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ بینین ١٢: ٥، ٧- ١١ ؛ ٢٠: ١- ٣) .

**تاڵانكردنی ماڵی بەهێز** . ئەمە خاڵی وردەكاری و پڕ مەبەستە چونكە لە

یۆحەنا ١٢: ٣٠- ٣٣ ؛ كۆلۆسی ١: ١٣ . عیسای مەسیح فێرمان دەكات كە چۆن هەڵدەستێ بە هێنانی زۆرێك لە خەڵكی لە شانشینی شەیتانەوە بەرەو شانشینیەكەی خۆی ، ئەمەش تاڵانكردنی شانشینی شەیتانە .

**٤. پەیامی سەرەكی نمونەكە دیاری بكە .**

**پێشەكی** : پەیامی سەرەكی نمونەكە لە شرۆڤەو جێبەجێكردندایە یاخود دەكرێ كورتبكرێتەوە لە خودی نمونەكەدا .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : پەیامی سەرەكی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

| |
|---|
| نمونەی بەستنەوەی بەهێز لە مەتا ١٢: ٢٩ نمونەیەکە تایبەتە بە "دامەزراندنی شانشینی خودا " .<br>پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : " سەرکەوتنی عیسا بەسەر شەیتاندا و دەرکەوتنی شانشینی خودا لەگەڵ هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح . |

لە مەتا ٦: ١٠ عیسا فێرمان دەکات کە باوەڕداران نوێژ بکەن وبڵێن " با شانشینی تۆ بێت "

یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی پەیمانی کۆن تایبەتە بە ئایندەی شانشینی خودا بڕوانە ( دانیال ٢ ، ٧ دانیال ٢: ٤٤ وە دانیال ٧: ١٣-١٤ .

وە یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی پەیمانی نوێ هاتنی شانشینی خودایە کە هاتوە و لە نێوماندایە لە هاتنی یەکەمی عیساوە و دەستپێکی خزمەتەکەیەوە و فەرموی " کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن .) مەرقۆس ١: ١٥ . وە لەماوەی هاتنی یەکەمیدا ، جەنگی گەردونی بردەوە بەسەر شەیتان و شانشینییە تاریکیەکەیدا ( یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢؛ کۆلۆسی ٢: ١٥ ) . هاتنی یەکەمی مەسیح سەرەتای دامەزراندنی شانشینی خودایە وە لە نێوان هاتنی یەکەمی و هاتنەوەی دوەمیدا مەسیح جەنگی ڕۆحی دەست پێکردوە لە دژی شەیتان وهاوکارانی (بینین ١٢) هەروەها بڕوانە (بینین ١٣) وە بینین ١٩: ١٩ ؛ ١٧: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٦: ١٠- ١٣ ؛ بینین ١٢: ١٠- ١١ ؛ مەتا ٢٨: ١٨؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١ ؛ بینین ١: ٥؛ ١٩: ١٦ ؛ کۆلۆسی ١: ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١٢: ٣ ؛ لۆقا ٢٢: ٣١- ٣٢ ؛ ١یۆحەنا ٣: ١٦- ١٩ ؛ مەتا ١٢: ٢٩ ؛ کردار ٢٦: ١٨ ؛ بینین ١٢: ١٠- ١١ ؛ مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ ئەفەسۆس

١: ١٠ ؛ ١كۆرنسۆس ١٥: ٢٨ ؛ بینین ١١: ١٥ ؛ ئەفەسۆس ١: ١٠- ١١ ؛ بڕوانە ١كۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٦ .

**٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە كتێبی پیرۆزدا.**

پێشەكی : زۆرێك لە نمونەكان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەكتریان بەراورد بكەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەكدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەكە بەشەكانی دیكەی كتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەكاتەوەو فێرمان دەكات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە كتێبیە بدۆزیتەوە كە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەكەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەكردنی نمونەكە . ئاگاداربە لە ڕاڤەكردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێركردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی كتێبی پیرۆز .

١یۆحەنا ٣: ٨ ؛ لۆقا ١٠: ١٨- ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ كۆلۆسی ١: ١٣؛ ٢: ١٥ ؛ بینین ١٢: ٥- ١٢ ؛ بینین ٢٠: ١- ٣ **بخوێنەوە** .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : پەیمانی نوێ چیمان فێردەكات سەبارەت بە بەستنەوەی شەیتان ؟

**تێبینیەكان .**

**ماوەی پەیمانی كۆن .**

لەماوەی پەیمانی كۆندا زۆربەی ئەوانەی ڕزگاریان بوو لە جولەكەكان بوون ، بەڵام نەتەوەكانی تر لە تاریكی و ژێر نیری كۆیلایەتی شەیتاندا بوون ( دانیال ١٠: ١٣ ؛ ٢٠: ٢١) . لەو ماوەیەدا خودا ڕێگەی دا بە نەتەوەكان بەو شێوەیە بژین وەك دەیانویست (كردار ١٤: ١٦ ؛ ڕۆما ٥: ٢٥؛ ٢كۆرنسۆس ٤: ٤) . ئەمەش مەبەستەكەیە كە دەڵێین شەیتان نەتەوەكانی گومڕاكردوە .

بەڵام لەماوەی هەمان پەیمانی كۆندا خودا بەڵێنی دا بە مەسیح نەتەوەكانی بداتێ بە میرات ، وە

ئەوپەڕی زەوی بکات بە موڵکی ئەو و پێی ببەخشێ ( زەبور ۲: ۸ ؛ پەیدابوون ۱۲: ۳؛ ئیشایا ٤۹: ٦) .

**لەماوەی پەیمانی نوێ دا .**

لەماوەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح ، مەسیح هات و ئامانجێکی ڕوونی هەبوو ئەویش پوچەڵکردنەوەی کارەکانی شەیتان بوو وە ڕوخانی ( عیبرانیەکان ۲: ۱٤ ؛ ۱یۆحەنا ۳: ۸ عیسا هات تاکو شەیتان ببەستێتەوە ( مەتا ۱۲: ۲۹ ؛ بینین ۲۰: ۱ـ ۳ ؛ مەتا ۱۲: ۲۹ ؛ یۆحەنا ۲۰: ۲ بڕوانە لۆقا ۸: ۱۲ .

مەسیح سەرکەوت بەسەر شەیتانداو بەستیەوە لە تاقیکردنەوەکەی دەشت و چۆڵەوانی (مەتا ٤: ۱ـ ۱۱) . ( لۆقا ۱۰: ۱۸ ؛ لۆقا ۱۰: ۱۸ـ ۲۰ ؛ یۆحەنا ۱۲: ۳۱ـ ۳۲ ؛ لۆقا ٤: ٥ـ ٦ ؛ یۆحەنا ۸: ٤٤ ؛ مەتا ۲۸: ۱۸ ؛ یۆحەنا ٦: ٤٤؛ ۱۲: ۳۲ ؛ کۆلۆسی ۲: ۱٥ ؛ لۆقا ۱۱: ۲۲ .

هەروەها بڕوانە یۆحەنا ۲۰: ۲ـ ۳ ؛ بینین ۲۰: ۷ـ ۱٥ .

**٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .**

**گفتوگۆی لەبارە بکە** : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

**تێبینیەکان .**

**دامەزراندنی شانشینی خودا لەکاتی هاتنی یەکەمی مەسیحدا.**

ماوەی پەیمانی کۆن ماوەی تەورات و پێغەمبەران بە یەحیای لەئاوهەڵکێش تەواو بوو ، وە سەرەتای ماوەی پەیمانی نوێ بە هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح دەستی پێکرد ( مەتا ۱۱: ۱۳) . لەو کاتە بەدواوە شانشینی خودا پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ بەو پەڕی هێزو تواناوە ، وە کەسانی هەڵبژێردراو تیایدا ڕۆڵی بەرچاو دەبینن و تێدەکۆشن

و دەستیان پێوە گرتوە ( مەتا ١١: ١٢) . هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٤: ١٢ .

**بەستنەوەی شەیتان لەکاتی هاتنی یەکەمی مەسیح دا .**

بە مردنی عیسای مەسیح و هەستانەوەی و بەرزبونەوەی و دانیشتنی لای ڕاستی باوك لە ئاسمان ، شەیتان بەسترایەوە ، یاخود دەسەڵاتەکەی سنوردار کرا و لاواز بوو ئیدی ناتوانێ وەك پێشوو تر نەتەوەکان گومڕا بکات ، وە ناتوانێ ڕێگری بکات لە مزگێنیدان و هەواڵی خۆشی ئینجیل لە بەرامبەر هەر نەتەوەو شوێنێکی زەوی ! بینین ١٢: ١١ .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نمونەی بەستنەوەی بەهێز " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە پەیدابوون ٣٢، ٣٧ ، ٣٩ ، ٤٥. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. "پێشوازی لە ڕۆڵەکانی شانشین بکەن " لۆقا ١٨: ١٦- ١٧ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ١: ١- ١٧. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

## وانەی (٢)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) پەیدابوون |

**به نۆره بەشداری بکەن** و پەراوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێرامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( پەیدابوون ٣٢، ٣٧ ، ٣٩ ، ٤٥) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) "پێشوازی لە ڕۆڵەکانی شانشین بکەن " لۆقا ١٨: ١٦ـ ١٧ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچونەوە** بکەن ، "پێشوازی لە ڕۆڵەکانی شانشین بکەن " لۆقا ١٨: ١٦ـ ١٧.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١: ١ـ ١٧ |

ئامانجمان لە ئەم لێکۆڵینەوەو خوێندنەی کتێبی پیرۆز لە چوارچێوەی گروپدا پێکەوە گەشەکردنمانە لە پەیوەندیمان لەگەڵ خوداوەند عیسای مەسیح و لەگەڵ یەکتر . ئامانج لەئەم لێکۆڵینەوەیە دەستکەوتنی مەعریفەو تێگەیشتنە لە کتێبی پیرۆز و ژییان و پەیرەوکردنی ڕاستییەکانی فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆزە .

بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە ئەندامانی گروپ هانی یەکتر دەدەن بۆ بەشداری کردن لەئەم لێکۆڵینەوەیەی کتێبی پیرۆز و گفتوگۆکردن تیایدا . وە بەشداریکردنی هەر تاکێك و ئەندامێك لە گروپەکە گرنگە ، نابێت ڕێگری بکرێت لە هەر ئەندامێك لە قسەکردن ئەگەر ئەوەی دەیڵێ ڕاست و دروست بێت بەتەواوەتی ( لە ڕووی لاهوتیەوە). دەبێت ئەندامانی گروپ

یەکتریان خۆش بوێ و هەست بە متمانەو ئارامی بکەن لە گەشەو بەشداریکردنیان .

نمونەی وانەی کتێبی پیرۆز ئەوەی پێشکەش دەکرێ لەم وانەیەدا ئامادە کراوە دوای لێکۆڵینەوەی وردو تێڕامان لەپێناوی یارمەتیدانی گروپەکە بۆ وانەی کتێبی پیرۆز یان بۆ یارمەتیدانی گروپ لە گفتوگۆکردنیان سەبارەت بە پرسیار و بابەتە قورسەکان . ڕەنگە گفتوگۆی جیاواز بکرێت لە وانەی کتێبی پیرۆز یان بە جیاوازی ئەندامان پرسیار ئاراستەی یەکتر بکەن .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا**
پێکەوە ڕۆما ١: ١- ١٧ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**ئاشکراکردنی ١ : پۆڵسی نێردراو چۆن خۆی پێشکەش کرد.**

نامەی ڕۆما هیچ دەستێوەردانێکی مرۆڤانەی تێدا نیە ، بەڵکو بە سروشی ڕاگەیەندراوە مزگێنی ئینجیلە خودا بە سروش داویەتی بە کەسێکی زۆر تایبەت ئەویش پۆڵسی نێردراوە . ( ڕۆما ١: ١ – ٢ ؛ ڕۆما ١: ٣- ٤، ٥، ٦ ، ٧) .

**ڕۆما ١: ٨- ١٧**

**ئاشکراکردنی ٢ : پۆڵسی نێردراو چۆن بابەتی نامەکەی بۆ کڵێسای ڕۆما پێشکەش کرد .**

بابەتی نامەکەی کڵێسای ڕۆما " ڕزگاربوونە بە باوەڕ بۆ جولەکەو ناجولەکە . پۆڵسی نێردراو لەئەم نامەیەدا گرنگترین ومەزنترین بابەت ڕادەگەیەنێ و وتاری لەبارەوە دەدات بە شێوازێك کە پڕە لە ڕێز و شکۆ و هەیبەت . ڕۆما ١: ٨- ١٥ .

وە بە شێوەی شارستانی ( ڕۆما ١: ١٦) . مزگێنی ئینجیل زۆر بەهێزەو کاریگەرە ، چونکە ئەو ڕێگە ڕاستە ڕادەگەیەنێ کە ڕاستودروستی تێدا دەستکەوێ ، واتە ڕێگەی ڕاستی ڕزگاریی . ئەوەش تەنها ڕێگەیە بۆ دەستکەوتنی ڕزگاریی بە باوەڕ ( ڕۆما ١: ١٧) ، بەمەش پۆڵسی نێردراو دوو بابەتی مەزن پێشکەش دەکات کە لە جەوهەری نامەکەدایە : بابەتی یەکەم ڕێگەی دەستکەوتنی ڕزگاریی ، وە بابەتی دوەم ئەوانەی ڕزگاریان پێشکەش دەکرێ . ڕزگاریی تەنها بە باوەڕەو بەس ، دەبێت ئەو ڕزگاریەش پێشکەش بە هەموو خەڵکی بکرێت لە جیهاندا ، ئەگەر چی جولەکە بن یان نەتەوەکان و ناجولەکە .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٣: <u>پرسیار</u>** . **ڕونکردنەوە** <br> **بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١: ١- ١٧ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا |

لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).
**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).
(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**ڕۆما ١: ٣- ٤**

**پرسیاری ١ : هەستانەوەی مەسیح واتای چی یە ؟**

**تێبینیەکان .**

پۆڵسی نێردراو دەڵێت ، ئینجیلی خودا تایبەتە بە کوڕەکەیەوە ئەوەی لە نەوەی داودە لە ڕووی مرۆڤەوە ، وە لە ڕووی ڕۆحی پیرۆزەوە ، زۆر بە مەزنی دەردەکەوێ کە کوڕی خودایە بە هەستانەوەی لە نێو مردوان . مردنی عیسای مەسیح هیچ واتایەکی نەدەبوو ئەگەر هەستانەوە ڕووی نەدایە .

**أ . هەستانەوەی عیسای مەسیح دەیسەلمێنێ کە خودا ڕازیە بە کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی مەسیح .**

هیچ پێغەمبەرێك یان بانگخوازێك لە مێژوودا نەبوەو نیە لە نێوان مردوان هەستابێتەوە ، هەموو پێغەمبەرانی ئاینەکانی تر لە جیهاندا لە گۆڕەکانیاندا تا ئێستا ڕاکشاون . عیسای مەسیح تەنها کەسێکە لەنێو مردوان هەستایەوەو تا ئێستا زیندوە ! ئەمە ڕاستیەش دەیسەلمێنێ کە عیسای

مەسیح مەزنترین پێغەمبەرە لە هەموو سەردەم وزەمانەکاندا ! وە هەستانەوەی دەیسلەمێنێ کە خودا مردنەکەی پێشوازی لێکردوە وەك ئامرازێك بۆ رزگارییمان .

**ب. هەستانەوەی عیسای مەسیح باری شکۆداریی عیسای مەسیح لە ئێستادا دەردەخات .**

عیسای مەسیح لەبارەی خۆیەوە فەرموی ئەو رزگارکاری جیهانە و خوداوەندی گەردون و بونەوەرانە . وە هەستانەوەی لە نێو مردوان بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەو کۆتاییە لەسەر ڕاستی و دروستی هەموو بانگەشەو قسەکانی . وە بەهێزترین ڕاستی و دروستیە لەسەر هەموو فێرکردنەکانی .

ڕۆما ١: ٣- ٤ دەخوێنینەوە ، کە هەستانەوەی عیسای مەسیح لە نێو مردوان ڕاگەیاندنی خودا دەردەخات هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٤٥ وە ٢کۆرنسۆس ٣: ١٨ .

**ڕۆما ١: ٥**

**پرسیاری ٢ : دەستەواژەی پەیامی گوێڕایەڵی کردنی نەتەوەکان بۆ مەسیح و باوەڕهێنانیان پێی واتای چی یە ؟**

**تێبینیەکان .**

دەقی ڕەسەن دەڵێ کە پۆڵس نیعمەتی خوداو نێردراوێتی وەرگرت لەپێناوی گوێڕایەڵی نەتەوەکان بۆ مەسیح و باوەڕهێنانیان پێی. بڕوانە یۆحەنا ١٤: ٢١، ٢٣ ئەمە ڕاستیەکی مەزنە " باوەڕ" ئەوەی پۆڵسی نێردراو بانگەوازی بۆ کرد تەنها کارێك نیە یەکجار مەسیح وەکو رزگار کار قبوڵ بکات ، بەڵکو جۆری باوەڕە ، ئەوەی پۆڵس مەبەستی بوە و بانگەوازی بۆ کردوە ئەویش پەیوەست بوونی درێژخایەن وبەردەوامە و متمانەو گوێڕایەڵی کردنی مەسیحە وەکو خوداوەندو رزگارکار .

**ڕۆما ١: ٦- ٧**

**پرسیاری ٣: خۆشەویستانی خودا پیرۆزکراوان وبانگکراوان واتای چی یە ؟**

تێبینیەکان .

بۆ وشەی بانگکردن دوو واتای جیاواز هەیە .

أ. بانگکردنی دەرەکی . یۆحەنا ١: ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٢٣.

ب. بانگکردنی ناوخۆیی . ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٤ ؛ مەتا ٢٢: ١٤ ؛ یۆحەنا ٦: ٤٤، ٣٧ ؛ ڕۆما ١: ٦- ٧ .

هەروەها بڕوانە کردار ١٥: ١٧ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٢٤- ٣٠ ؛ بینین ١٧: ١٤ ؛ یەهوزا ١: ١ .

ڕۆما ١: ١٤- ١٦

پرسیاری ٤: چۆن مزگێنی ئینجیل هێزی خودایە ؟

تێبینیەکان .

پۆڵس خۆی بە قەرزاری ئەوانە دەزانێ کە نامەکەیان بۆ دەنوسێ بە زمانی یۆنانی وە هەموو ئەو بیانیانەی تر کە لە جیهاندا دەژین ، پۆڵس خزمەتەکەی ئاراستەی داناو نەزانەکان کرد . بۆیە زۆر حەزی دەکرد هەروەها لە ڕۆما خزمەت بکات . وە پۆڵس لە ڕۆما ١: ١٦ دەڵێت " شەرمم بە پەیامی ئینجیل نییە، لەبەر ئەوەی هێزی خودایە بۆ ڕزگاربوونی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن، یەکەم جار بۆ جولەکە ئینجا بۆ ناجولەکە . ) مزگێنی دان بە ئینجیل هێزێکی مەزنی هەیە چونکە خودا کاردەکات لە ڕێگەیەوە ، وە چونکە خەڵکی بەرەو ڕزگاریی دەبات لە نێو هەموو نەتەوەکاندا .

أ. ئینجیل هێزی خودایە . ١ کۆرنسۆس ٢٠: ٢٥ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ١٨ ــ ٢: ٢ ؛ گەلاتیە ٥: ١١؛ ٦: ١٤ .

ب. ئینجیل هێزێکی کاریگەرو مەزنە لەسەر خەڵکی وەکو تاك .

هەموو باوەڕدارێک بە عیسای مەسیح ڕزگاریی بەدەستهێناوە لە باری دیاریکراو بۆ بارێکی تر . هەموو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بە عیسای مەسیح ڕزگاریان بوە لە خراپەکاریە دیاریکراوەکان و چێژ دەبینن لە بەرەکەتی دیاریکراو هەروەها ڕزگاریان بوە لە تاوان وگوناهە ، چونکە گوناهەکانیان بەخشراوە ، وە لە ڕیسوایی گوناهە ڕزگاریان بوە چونکە ئابڕو و ڕێزیان بۆ گەڕاوەتەوە وە لە ئالودەیی گوناهە ڕزگاریان بوە چونکە خوێنی عیسای مەسیح لەسەر خاچ پاکی کردنەوە وە ڕزگاریان بوە لە کۆیلایەتی گوناهە چونکە مەسیح رزگاری کردن و ئازادی کردن لە هێزودەسەڵاتی گوناە .

ج. ئینجیل کاریگەریەکی بەهێزو مەزنی هەیە لەسەر نەتەوەکان. ڕۆما ٣: ٩، ٢٢ ، ٢٩ ؛ ١٠: ١٢ ؛ مەتا ١٠: ٥- ٦ ؛ کردار ١٣: ٤٦- ٤٧ ؛ مەتا ٢٨: ١٩ .

ڕۆما ١: ١٧ أ.

پرسیاری ٥: ڕاستی و دروستی و بێتاوانی ئەوەی خودا ڕایگەیاندوە لە مزگێنی ئینجیلدا کامەیە ؟

تێبینیەکان .

" لە پەیامی ئینجیلدا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم بێتاوانکردنەش لە دەستپێکردنەوە هەتا کۆتایی بە باوەڕە ، وەك نووسراوە: ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژیێت .")

پۆڵس دەڵێ ئەو ڕاستی دروستی و بێتاوانیە خودا دەیبەخشێ بەهۆی باوەڕەوە ، ئەوەش دەمانبات بەرەو باوەڕ ، چونکە ئەوەی بێتاوان بکرێت یان ڕاستودروست بێت بە باوەڕ ، بە باوەڕ دەژی ، لەبارەی وشەی بێتاوانی یان ڕاستی ودروستی نازانین ئایا خەسڵەتێکی خودابیە لێرەدا کە خودا دەیبەخشێ وەك چۆن لە پێاسەی وەرگێڕانی ڤاندایک دا کراوە ، ئیدی بەم شێوەیە زۆرێك ڕاڤە هەیە بۆ وشەی بێتاوانی یان ڕاست ودروستی .

أ. بێتاوانی یان ڕاست و دروستی شتێك نیە مرۆڤ بەدەستی بهێنێ یان دەستی بکەوێ .

جولەکە خوانەسەکان هەوڵیان دەدا بەهەموو پەرۆشی و حەزێکەوە تاکو خۆیان خۆیان بێتاوان بکەن بە دەستگرتن بە شەریعەتەوەو جێبەجێکردنی داواکاریەکانی شەریعەت ( تەورات) ئەوان وایان دەبینی بێتاوانی واتە بێتاوانی ڕەوشتی ئایینی ئەوەی باوەڕدارانی جولەکە چێژیان لێ دەبینی و پێناسەیان دەکرد .

ئەوان نەیاندەزانی کە بێتاوانی لە مرۆڤەوە نیە بەڵکو لە عیسای مەسیحەوەیە دەیدات بەوانی باوەڕی پێ دەهێنن ( ڕۆما ١٠: ٣- ٤ ؛ فیلیپی ٣: ٩ ؛ گەڵاتیە ٢: ١٦) . لەم سەردەمشدا هەندێ لە کڵێساکان پێیان وایە مرۆڤ کاتێ لە ئاوهەڵدەکێشرێ نێعمەتی بێتاوانکردن وەردەگرێت و دەست دەکات بە ئەنجامدانی کاری چاکە ئەوانیش بەهەمان شێوە وەکو بێتاوانی ئایینی و ڕەوشتی بابەتەکە دەبیننەوە ، هەندێ کڵێسای دیکە هەن پێیان وایە خودا مرۆڤ بێتاوان دەکات بە باوەڕەکەیان و بە مزگێنی ئینجیل و بەکارکردن بە گوێڕایەڵی فێرکردنەکان وڕاسپاردەکانی عیسای مەسیح . ئەوان وای دەبینن باوەڕ و گوێڕایەڵی ئینجیل دوو کاری کەسێتین و بە خواستی مرۆڤە . وە پێی بێتاوان دەبن ، ئیدی بەم شێوەیە ئەوان پێیان وایە بێتاوانی یان ڕاستودروستی ، بێتاوانی ئایینی و ڕەوشتی یە ، بەڵام بێتاوانی شتێکە مرۆڤ بەدەستی ناهێنێ یان وەری ناگرێت بە توانای خۆی .

بێتاوانی شتێکە عیسای مەسیح دەیدات لەپێناوی مرۆڤدا .

کەس ناتوانێ بە خودی خۆی بێتاوانی و ڕاستودروستی بەدەست بهێنێ ، چونکە بێتاوانی و ڕاستودروستی لەلایەن خوداوەیە ( ڕۆما ٣: ٢١ ؛ گەڵاتیە ٢: ١٦ ؛ فیلیپی ٣: ٩؛ ١پەترۆس ٣: ١٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١ ؛ مەرقۆس ١٠: ٤٥ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١) .

ج. بێتاوانی و ڕاستودروستی شتێکە خودا دەیبەخشێ بە باوەڕداران .

عیبرانیەکان ۱۰: ۱۷- ۱۸.

د. بێتاوانی و ڕاستودروستی باوەڕدار وەری دەگرێ .

باوەڕدار بە باوەڕ بە عیسای مەسیح بێتاوان وڕاستودروست دەبێت . چونکە بێتاوانی و ڕاستودروستی مەسیح مرۆڤ بێتاوان دەکات و ڕزگاری دەکات ئەمەش بەهۆی باوەڕەوەیە .

ڕۆما ۱: ۱۷ ب.

پرسیاری ٦: جۆری ئەو باوەڕە کامەیە مرۆڤ پێی بێتاوان وڕاستودروست دەبێت ؟

" لە پەیامی ئینجیلدا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم بێتاوانکردنەش لە دەستپێکردنەوە هەتا کۆتایی بە باوەڕە ، وەك نووسراوە: ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژیێت .")

أ. لایەنی یەکەم باوەڕ بە مەعریفەو زانینەوە . ڕۆما ۱۰: ١٤- ۱۷ .

ب. لایەنی دوەم باوەڕ بە متمانەوە . کردار ١٦: ١٤ ؛ کردار ۱۳: ٤٨ ؛ ۱۸: ۲۷ ؛ ئەفەسۆس ۲: ۸ ؛ فیلیپی ۱: ۲۹ ؛ ۲پەترۆس ۱: ۱ .

ج. لایەنی سێ یەم باوەڕ و کردەوە . یۆحەنا ۱: ۱۲ ؛ ڕۆما ۱۰: ۹- ۱۰ (ئەگەر بە دەمت دانت پێدا نا کە عیسا پەروەردگارە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت . لەبەر ئەوەی بە دڵ باوەڕهێنان ئەنجامەکەی بێتاوانبوونە، بە دەم دانپێدانان ئەنجامەکەی ڕزگارییە.)

ڕۆما ۱: ۱۷ ج

پرسیاری ۷: وشەی بێتاوانی یان ڕاستودروستی بە باوەڕ واتای چی یە (ڤاندایک)؟

تێبینیەکان .

" له پەیامی ئینجیلدا بێتاوانکردن لە خوداوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم بێتاوانکردنەش لە دەستپێکردنەوە هەتا کۆتایی بە باوەڕە ، وەك نووسراوە: ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژییێت .")

دەقی بێتاوان بوون بە باوەڕ لە وەرگێڕانی ڤاندایک بە چەندین شێوە وەرگێڕدراوە . وەرگێڕدراوە بە بە واتای پێشکەوتن وە گەشەکردن ، لە باوەڕێکی لاوازەوە بۆ باوەڕیکی پڕ و پێگەیشتوو ، وە وەرگێڕدراوەبە واتای ، دەست پێوەگرتن بە توندی "تەنها بە باوەڕ" یان بە باوەڕ لەسەرەتاوە تا کۆتایی.

ڕۆما ١: ١٧ د.

پرسیاری ٦: واتای چی یە ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان بکرێت بە باوەڕ دەژی ؟

تێبینیەکان .

وەرگێڕانی : " وەك نووسراوە: ئەوەی ڕاستودروستە بە باوەڕ دەژییێت .") لە یۆنانیدا (ئەك پزتیۆز) مەبەستی لە بێتاوانی نیە وەك خەسڵەت بەڵکو مەبەستی لە بێتاوانی تەواوەتیە وەکو خاوەنی خەسڵەتەکە واتە کەسەکە . ئەم دەقەی ڕۆما وەریگراوەتەوە لە حەبەقوق ٢: ٤ . ڕۆما ١: ١٦ پێداگری دەکات لەوەی باوەڕ ئامرازێکە مرۆڤ پێی بێتاوان دەکرێت بەڵام ڕۆما ١: ١٧ پیداگری دەکات لەوەی باوەڕ یەکەمجار وەك ئامرازێك مرۆڤ بێتاوانی و ڕاستودروستی مەسیحی پێ دەست دەکەوێت ( ئەمەش دیسانەوە وەرگیراوەتەوە لە حەبەقوق ٢: ٤ وەك ئامرازێك ژیانی ڕاستودروست و بێتاوان دەبێت و پێی دەژی .

ئیدی بەم شێوەیە لەهەردوو ماوەی پەیمانی کۆن و نوێ پێداگری کراوەتەوە لەسەر ئەو ڕاستیەی کە باوەڕداران بە خوداوەند عیسای مەسیح بێتاوان دەکرێن (ڕزگاریان دەبێت) تەنها بە باوەڕ ، وە بەردەوام دەبن لەو ژیانەیان وەك ( ڕاستودروست ) تەنها بە باوەڕ .

**هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە.** **پەیڕەوکردن**
**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟
**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ١: ١- ١٧ .
**بیربکەوە :** ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
**بنوسە :** ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

**١- نمونە لەسەر پەیرەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ١: ١- ١٧ .**

١: 1 : کاتێ خودا دەستنیشانت دەکات بۆ پلەی پیر (ئەگەرچی وەکو شوان بێت یان وتاردەر یان مامۆستا) دەبێت کۆیلەو خزمەتکار بیت نەك گەورە . وە دەبێت ئەمە هەڵوێستت بێت .

١: ١ : خودا کەسانێك هەڵدەبژێرێ بۆ خزمەتکردن لە بوارێکی دیاریکراودا .

١: ٢ : مزگێنی ئینجیل لە پەیمانی کۆنەوە ڕاگەیەنراوە . دەبێت لە کتێبی پیرۆز بڕوانی وەك یەك یەکەی بێ جیاوازی لەو بارەیەوە .

١: ٥ : کراوە بە لەبەردەم خودا تاکو نیعمەتت بداتێ و بانگت بکات بۆ خزمەتی بێ باوەڕان بەرەو گوێڕایەڵیکردنیان واتە بۆ باوەڕ .

١: ٧ : هەموو باوەڕداران بە مەسیح بانگکراون تاکو پیرۆز بن واتە خەڵکانێك بن جیا ببنەوە و دابڕێن لە خراپەو تەرخانکراو بکەن بۆ خودا .

١: ٨ : سوپاسگوزاری و سڵاوی ڕاستەقینەی باوەڕداران نیعمەت و ئاشتی بۆ خەڵکانی دیکە لەخۆ دەگرێ .

١: ٨ : سوپاسی خودا بکە لەوەی دەیکات لە ژیانی ئەو باوەڕدارانەی دەیانناسیت .

١: ٩- ١٠ : نوێژ بکە لە پێناوی خەڵکانی تر .

١: ١١ : لەو نمونانەی بەهرە ڕۆحیەکان کە باوەڕدارانی تر بەهێز دەکات فێرکردنی ڕاستودروست و دانایی و ڕابەرایەتی و تاد .

١: ١٢ : بەکەمی مەزانەو ڕاڕا مەبە لە هاندانی ڕابەرانت .

١: ١٣ : ئەمە بکە بە ئامانجی ژیانت : کە کاریگەری هەمیشەیی وبەردەوامت هەبێت لەسەر ژیانی کەسانی تر .

١: ١٤ : بەرامبەر هەموو نەژاد و توێژێکی مرۆڤایەتی باوەڕداران بەرپرسیارن .

١: ١٥ : پلان دابنێ بۆ مزگێنی دان لە شارێکی تر جگە لە شارەکەی خۆت .

١: ١٦ : هەست بە شەرم و خەجاڵەتی مەکە ، کە باوەڕداریت چونکە پەیامەکەت مەزنترین و بەهێزترین پەیامە لە جیهاندا !

١: ١٧ : بۆ دەستکەوتنی ڕەزامەندی خودا ، هەرگیز پشت مەبەستە بە کاری ئایینی یان کارە چاکەکانت یان گوێرایەڵیت بۆ شەریعەت.

**٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :**

أ . دەمەوێ کۆشش بکەم و پێداگری بکەم لەسەر ئەوەی نەك تەنها یەکجار باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنم ، ئەوەی یەکجار ڕوودەدات ،

بەڵكو پەیوەست بوونم و متمانەو گوێرایەڵیم بۆ عیسای مەسیح وەكو ڕزگاركارو خوداوەندم ، پەیوەیست بوونێك بێت بەدرێژایی ژیانم ، ئێستا دەزانم باوەڕ لە كتێبی پیرۆزدا خۆتەرخانكردنەو پەیوەست بوونی تەواوەتی دڵە بە عیسای مەسیح و فێركردنەكانیەوە .

ب. كاتێ مزگێنی دەدەم بە ئینجیلی ڕزگاریی ، دەمەوێ توند بم بەرامبەر خراپەو خراپەكاری ، ئەوەی باوەڕداران بە عیسای مەسیح لێی ڕزگاربوون ، وە ئەو بەرەكەتانەی ڕزگاریی دەیبەخشێ . دەمەوێ مزگێنی بدەم وبانگەوازی ئەوە بكەم كە هەموو باوەڕدارێك بە عیسای مەسیح ڕزگاری دەبێت لە باری تاوان و خەجاڵەتی و بێ ئابڕوویی بەرەو باری بێتاوانی و ڕاستودروستی تەواوەتی . لێخۆشبوونی تەواوەتی بە ڕێزەوە . واتە ئازاد بوەو ڕزگاری بوە لە دەسەلاتی گوناهەو توانای ژیانكردنی پیرۆزی هەیە و سزا نادرێت لە دۆزەخدا .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٥: نوێژ بكە** **هاتنەدەنگ**<br>بە نۆرە نوێژ دەكەین ، هەریەكێك سەبارەت بە یەك ڕاستی كە خودا فێری كردین لە ڕێگەی ئایەتەكانیەوە لە ڕۆما ١: ١- 17 .<br>( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەكەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم كتێبەدا ). پرۆڤە بكەن لەسەر نوێژی كورت كە پێكهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر كۆمەڵەیەك دەكرێ نوێژ بكەن سەبارەت بە كاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داكۆكیكاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی كۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەكانتان بەرز بكەنەوە لە پێناوی یەكتر و لە پێناوی خەڵكی جیهان.

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
| --- | --- |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ١: ١- ١٧.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دەرچوون ١، ٢، ٣، ٤ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : موژدەی شانشینی خودا جاڕ بدە : مەتا ٢٤: ١٤ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٦- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئاییندە .

## وانەی (٣)

| | |
|---|---|
| نوێژ | ١ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دەرچوون | ٢ |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( دەرچوون ١، ٢ ، ٣ ، ٤ ) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| لەبەرکردن (٥خولەك) "جاڕی موژدەی شانشینی خودا بدەن " مەتا ٢٤: ١٤ | ٣ |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، "جاڕی موژدەی شانشینی خودا بدەن " مەتا ٢٤: ١٤ .

| | |
|---|---|
| فێرکردن (٨٥ خولەك) تۆو چێن (چێنەر) | ٤ |

"نمونەی تۆو چێن" لە مەتا ١٣: ٣- ٢٣ تایبەتە بە **وشەی خودا لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو شتانەی باوبوون هەروەها ئەو ڕوداوانەی ڕۆژانە ڕوویدەدا بەکار دەهێنا لەپێناوی ڕاگەیاندنی نهێنی شانشینی خودا و ڕوونکردنەوەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەسەر ڕاستی بارودۆخیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە لەم نمونەیە دەکەین بە بەکارهێنانی ڕێنمایی شەشەم لە لێکۆڵینەوەی نمونەکان ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکان ٩ ، پاشکۆی ١) .

مەتا ١٣: ١- ٢٣ ؛ مەرقۆس ٤: ١- ٢٠ ؛ لۆقا ٨: ١- ١٥ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکەی پێشەکی نمونەکە تێ بگە .

پێشەکی : ئەم نمونەیە بە زمانێکی میتافۆری و بە واتایەکی ڕۆحی پشت دەبەستێ بە زمانی بەکارهاتوو ، بۆیە یەکەمجار لێکۆڵینەوە دەکەین لە چیرۆکەکەو پاشخانە کلتوریەکەی / شارستانی و ڕاستیە مێژووییەکان.

تێبینی .

چاندن .

وا باو بوو کە تۆوی گەنم وجۆ بە دەست بچێنرێ (تۆوبکرێت) .

ڕێڕەو یان ڕێگا .

کە تۆوەکەیان فڕێ دەدایە نێو زەویەکە بۆ مەبەستی تۆو کردن هیچ گومانی تێدا نەبوو هەندێ لە تۆوەکە دەکەوتنە سەر ئەو ڕێگایەی کە جوتیارەکە پیایدا دەڕۆیشت بۆ تۆو کردن . ئەو ڕێگایە ڕێڕەوێک بوو نەدەکێڵدرا وە زۆر پێشێل دەکرا و بەسەریدا دەڕۆیشتن ، وە خۆڵی ئەو ڕێگایە زۆر توند و ڕەق بوو ، دواجار ئەو تۆوەی دەکەوتە سەر ڕێگاکە نەیدەتوانی بچێتە نێو قوڵایی زەویەکەو ڕەگ داکوتێ.

باڵندە .

باڵندەكان حەز دەكەن بێنە نێو كێڵگەی نوێ ئەوەی تازە تۆوی تێدا چێنراوە ، چونكە لەو كێڵگەیەدا خۆراك دەدۆزێتەوە بۆ خۆی . مەتا ئاماژەی بۆ وشەی باڵندە كردوە كە تۆوەكە هەڵدەلوشن .

زەوی بەردەڵان .

هەندێ لە تۆوەكە دەكەوتنە نێو زەوی بەردەڵانەوە . سروشتیە كە فەلەستین و هەندێ وڵاتی دەوروبەری چەند چینێكی زەوی كشتوكاڵی هەیە بەرزترن لە چینە بەردەڵانیەكەی . هەندێ لەم چینە بەردەڵانیە تەنها كەمێك یان چینێكی تەنك خۆڵ بەسەریەوە هەیە . بۆیە ئەو تۆوانە ناچنە قوڵایی و ڕەگ داناكوتن لەنێو ئەو چینە بەردەڵانەدا .

دڕك.

هەندێ لە تۆوەكانیش دەكەوتنە نێو دڕك وداڵەوە ، ئیدی دڕكەكان گەشەیان دەكرد بەشێوەیەكی خێراتر لە گەنمەكە ، وە ڕێگری دەكرد لە تیشكی خۆر و ئاو بۆ گەنمەكە ، ئیدی گەنمەكە دەخنكا .

زەوی باش .

هەندێ لەو تۆوەكەش دەكەوتنە نێو خۆڵێكی باش و زەویەكی باشەوە ئەو زەویە باشەش ڕەق وتوند نیەو سەرە ڕێگا نیە وە ڕووكەشی زەویەكش نیە یان چینی بەردەڵان نیە ، وە دڕك وبژاری نیە ببێتە هۆی خنكانی .

سەد ئەوەندە یان شەست یان سی .

تەنانەت جۆرە زەویە بەشەكان وبەراوەكان ڕێژەیەكی جیاواز بەرهەم دەدەن لە زۆربەی جیهاندا ، چونكە بەرهەم بەپێی هەمان ڕێژە نیە لەهەمان زەویدا .

## ٢. **چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆكە بخوێنەوەو تاقی بكەوە ، وە بنەماكانی نمونەكە دیاری بكە .**

**پێشەكی** : چوارچێوەی "چیرۆكەكە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە كردن وجێبەجێكردنی نمونەكەی هەیە . دەكرێ ئاماژە بۆ

بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣: ١- ٢ ، ١٠- ١٧ .**

بەڵەم .

مەرقۆس ١: ٢٩ ؛ یۆحەنا ١٨: ٢٠ ؛ مەتا ٥" ١ ؛ مەرقۆس ٢: ١ ؛ ٤: ١ ؛ ٨: ١ ؛ یۆحەنا ١١: ٣٨ ؛ مەتا ١٣: ٢ .

نمونەکان .

عیسا جۆرەها زمانی میتافۆری لە فێرکردنەکانیدا بەکارهێنا و بە جۆرەها نمونە دەدوا ، بۆ وێنە نمونەی کورتی بەکار دەهێنا وەك پەندی پێشینان و هاوشێوەکانی ( مەتا ١٣ ؛ حەوت پەند ، یان هەشت پەند لە مەتا ١٣: ٥٢- ٥٣ !

لەو کاتەدا ئەوانەی شوێنی عیسا کەوتبوون وە باوەڕیان پێی هێنابوو هەروەها لە فێرکردنەکانی تێگەیشتبوون ئامادە بوون گوێی لێبگرن و زیاتری لێوە فێربن ، بەڵام هەندێکی تر هەبوون بەرهەڵستیان دەکرد بە بەردەوامی و دڵیان ڕەق کردبوو بەرامبەر بە فێرکردنەکانی .

شانشینی خودا .

بەشێوەیەکی گشتی ، دەکرێ پێناسەی شانشینی خودا بکرێ بەوەی خودا فەرمانڕەوایی دەکات بە سەروەریی خۆی وە پاشایە بەسەر هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتێکدا لە جاویدانەوە تا هەتایە ( زەبور ٢٤: ١؛ ١٤٥: ١٣) . وە بەشێوەیەکی تایبەت و زیاتر دیاریکراو ، شانشینی خودا

فەرمانڕەوایەتی سەروەرانەی خودایە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە ( مەتا ٢٨: ١٨) . شانشینی خودا لەسەر بنەمای کاری ڕزگاریی تەواوەتی مەسیح بونیاد نراوە ( کردار ٢: ٣٦) ، وە باوەڕدارانیش سود لەم کارە ڕزگاریە دەبینن بۆ ژیانیان لە ڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ( ڕۆما ١٤: ١٧) . شانشینی خودا هەستی پێدەکرێ ودەبینرێ لە دڵی باوەڕداراندا ( لۆقا ١٧: ٢٠- ٢١ ) ، وە کار دەکات لە ژیانیاندا . شانشینی خودا لە چوار لایەنی بینراودا دەردەکەوێت : لە ڕزگاری تەواوەتی باوەڕداراندا لە سەرەتاوە تا کۆتایی ( مەرقۆس ١٠: ٢٥- ٢٦) ، وە لە دامەزراندنی باوەڕداران و ڕێکخستنیان لە یەك کڵێسای سەر زەوی ( مەتا ١٦: ١٨- ١٩) ، وە لەکار چاکەکانی باوەڕداران و کاریگەری باشەو چاکەیان لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ( مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠) ، وە لە کۆتاییدا لە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ ئەوەی خودا بەدی دەهێنێ لە هاتنەوەی دوەمی خوداوەند عیسای مەسیح دا ( ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٥) .

زانینی نهێنی شانشینی خودا .

مەتا ١٣: ١٠- ١١ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٥- ٢٦ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٢- ١٢ ؛ کۆلۆسی ٢: ٢- ٣ .

بۆچی زانینی نهێنی شانشینی خودا نادرێت تەنها بە قوتابیەکان نەبێت ؟

عیبرانیەکان ٦: ٤- ٨ ؛ ١٠: ٢٦- ٣١ ؛ مەتا ١٣: ١٣- ١٥ ؛ ئیشایا ٦: ٩- ١٠ ؛ گەلاتیە ٦: ٧- ٨؛ عیبرانیەکان ٣: ١٥ .

بۆچی عیسا حوکمی دا بەسەر خەڵکیدا بەهەمان شێواز لە پەیمانی نوێدا ؟

مەتا ١١: ١٩، ٢٠ ؛ ١٢: ٢، ١٠، ١٤ ، ٣١ ، ٣٩ .

ئایا عیسا حوکم دەدات بەسەر ئێمەی باوەڕدار لە ئەمڕۆدا بەهەمان حوکمدان ؟

بەڵێ ! بۆیە عیسا نمونەی تۆو چێنەکەی هێنایەوە . هەمومان بەرپرسیارین لە وەلامدانەوەی وشەکانی خودا .

پەندەکان ١: ٢٢- ٣٣ ؛ ٤: ٢٣ ؛ ٢٣: ٢٦؛ مەتا ٧: ٢٤- ٢٧ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا ١٣: ٣- ٩ .

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا ١٣: ١٨- ٢٣ بڕوانە خاڵی ٦.

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەکان .**

**ئایا مەتا ١٣: ٣- ٢٣ ڕوداوێکی مێژووییە یان چیرۆکێکی میتافۆریە یاخود نمونەیە؟**

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەرئەنجامی گرنگ و کاریگەر لەخۆ دەگرێ لە دیاریکردنی وردەکاری واتای نمونەکە ، ئەم بەشە پێناسەی ڕوداوێکی مێژووی ناکات بەڵام ئایا چیرۆکێکی میتافۆریە یان نمونەیە ؟

یۆحەنا ١٠: ١- ١٦ ؛ یۆحەنا ١٥: ١- ١٧ .

خوداوەند بۆ خۆی ئەم نمونانەی داڕشتوەو هەر خۆی مافی ئەوەی هەیە هەموو داناییەکانی نێو وردەکاری نمونەکە ڕاڤەبکات ، نابێت باوەڕداران نمونەکان بە ڕاڤەی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کتێبی

پیرۆز بە ئارەزووی خۆیان یان بیانەوێ هەوڵ بدەن واتایەکی دیکەی ڕۆحی بدەنێ کە نەگونجێ لەگەڵ ئەو واتا ڕۆحیەی خوداوەند پێی داوە .

ڕاڤەی میتافۆری ، تۆما ئەکوینی ١٢٢٧ – ١٢٧٤ .

تۆوچین .

لۆقا ٨: ١١ ؛ مەرقۆس ٤: ١٤ ؛ مەتا ١٣: ١٩ .

خۆڵ (زەوی) .

خۆڵ وێنەیەکە بۆ دڵی مرۆڤ (باوەڕداران و بێباوەڕان) مەتا ١٣: ١٩ .

جوتیار .لەم نمونەیەدا ئاماژە بۆ پێناسی جوتیارەکە ناکات ، بەڵام لە نمونەی گەنم و زیزانە ئاماژە بە تۆو چینەکە دەکات کە عیسای مەسیح خۆیەتی مەتا ١٣: ٣٧ ؛ مەتا ١٠: ٤٠ ؛ مەتا ١٣: ١٩ .

بیستن و تێنگەیشتن .

بەپێی ئەو شرۆڤەیەی عیسا پێشکەشی کرد ( مەتا ١٣: ١٨- ٢٣) وەڵامدانەوەی مرۆڤ بۆ وشەکانی خودا بنەمایەکی سەرەکیە یان خاڵێکی گرنگە لە نمونەکەدا . ئینجیلی مەتا باسی جۆرەها وەڵامدانەوە دەکات : بیستن و تێگەیشتنی وشەکان ( مەتا ١٣: ١٩ ؛ بڕوانە مەرقۆس ٤: ١٣) هەروەها بڕوانە مەرۆقس ٤: ١٦ ؛ لۆقا ٨: ١٥ بۆ ئەوانی دیکە .

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

| |
|---|
| نمونەی جوتیار لە مەتا ١٣: ٣- ٢٣ نمونەیەکە تایبەتە بە "وشەکانی خودا (کتێبی پیرۆز) لە شانشینی خودا" .<br>پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : بارو هەڵوێستی دڵت وەڵامدانەوەت بۆ وشەکانی خودا دەیاری دەکات ، وە وەڵامدانەوەت بۆ وشەکانی خودا ئەنجامی ژیانت دیاری دەکات . |

ئەمەش جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو جیهاندا بە باوەڕدارو بێباوەڕەوە .

**٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.**

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : فێرکردنەکانی بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێرکردنەی نمونەی جوتیار ؟

**تێبینیەکان .**

**مەتا ٧: ٢٤- ٢٧.**

نمونەی داناو گێل پێداگری دەکات لەسەر وشەکانی خودا (فێرکردنەکانی عیسای مەسیح ) کە دەبێت جێبەجێ وپەیڕەوبکرێت . بەڵام نمونەی جوتیار پێداگری دەکات لەسەر جۆرێتی وەڵامدانەوەی وشەکانی خودا .

مەتا ١٣: ٢٤- ٣٠ .

نمونەی زیزانە لەنێوان گەنمەکاندا ، شەیتان تۆوی خراپەکاری زیزان دەچێنێ ( لە بێباوەڕاندا بە درۆکانیان) لە نێو گەنمەکاندا ( لە نێو باوەڕدارانداا ) بەڵام لە نمونەی تۆوچین یان جوتیار ؛ شەیتان وشەکە دەڕفێنێ لە دڵی ئەوانەی وەڵامی وشەکانی خودا نادەنەوەو کاریان تێناکات (لۆقا ٨: ١٢) .

مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ . نمونەی تۆو کە گەشە دەکات و گەورە دەبێت نهێنیەکە لەسەر کاری خودایی یان بەرپرسیارێتی خودایی لە توانا بەخشینی وشەکانی بۆ شانشینی خودا لە بەرهەم وگەشەو زۆربوون . بەڵام نمونەی جوتیار پێداگری دەکات لەسەر بەرپرسیارێتی مرۆڤانە لە وەڵامدانەوەی وشەکانی خودا .

١کۆرنسۆس ٣: ٦- ٩ .

خزمەتکارانی باوەڕدار ئەگەرچی مزگێنی بدەن بە گومڕاکان و لەناوچووان یاخود ڕزگاربووان بکەن بە قوتابی ، ئەوان کارگەرن لەگەڵ خوداو بەشداربوەکانی لە کاردا . ئەوان دەچێنن و تۆو دەکەن وگرنگی بە کێڵگەو ڕووەکەکان دەدەن ، بەڵام خودایە کە گەشەیان پێدەکات و بەرهەمیان پێ دەدات .

**٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .**

**گفتوگۆی لەبارە بکە** : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

**تێبینیەکان .**

**پەیامی سەرەکی .**

نمونەی جوتیار یان تۆو چێن لە مەتا ١٣: ٣- ٢٣ مەبەست لە (وشەکانی خودا لە شانشینی خودا) یە .

پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : بارو هەڵوێستی دڵت وەڵامدانەوەت بۆ وشەکانی خودا دەیاری دەکات ، وە وەڵامدانەوەت بۆ وشەکانی خودا ئەنجامی ژیانت دیاری دەکات .

یاخود ئەو ئەنجامەی دەیبینیتەوە لە ژیانتدا پشت دەبەستێت بە وەڵامدانەوەت بۆ وشەکانی خودا ، وەڵامدانەوەشت بۆ وشەکانی خودا پشت دەبەستێت بە بارو هەڵوێستی دڵت .

ئەو تۆوانەی کەوتنە سەر ڕێگاکە .

ڕەنگە وەرگێرانی وشەکانی مەتا ١٣: ١٩ بەم شێوەیە بێت ، ئەوە ئەوانەن کە کەوتنە سەر ڕێگاکە .

ئەمە ئەو دڵەیە لە وەڵامدانەوەی نیە و هەستی نیە بەرامبەر بە وشەکانی خودا و ڕەقە بەرامبەری . ئیشایا ٦: ٩- ١٠ ؛ کردار ٢٤: ٢٥ ؛ ڕۆما ١١: ٧- ١٠ عیبرانیەکان ٣: ٧- ٨ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٧ ؛ لۆقا ٨: ١٢ ؛ مەتا ١٣: ٢٣ ؛ مەرقۆس ٤: ٢٠ .

ئەو تۆوانەی کەوتنە نێو بەردەڵانەکە .

١کۆرنسۆس ١٣: ٣ ؛ مەتا ٨: ١٩- ٢٠ ؛ مەتا ١٩: ١٦- ٢٢ ؛ مەتا ٢٦: ١٤- ١٦ ؛ لۆقا ٨: ١٥ . دەبێت دەتسبەجێ وەڵامی وشەکانی خودا بدەیتەوە کاتێ گوێبیستی دەبیت وە گوێڕایەڵی بیت .

ئەو تۆوانەی کەوتنە نێو دڕکوداڵ .

ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی لە وەڵامدانەوەیدا بۆ وشەکانی خودا هاوشێوەی خۆڵێکی پڕ لە دڕکوداڵە بەدەوری تۆوەکەدا . بەراوردی بکە بەم ئایەتانەی خوارەوە ، مەتا ٦: ٢٥- ٣٤ ؛ لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ دەوڵەمەندە گێلەکە ؛ لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ ؛ لۆقا ١٨: ١٨- ٢٤ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ٣- ١٠ ؛ یۆحەنا ٤: ٣٦؛ ١٥: ١٦ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١٥- ١٧ .

وانەی سەرەکی کە خودا دەیەوێ لێمان ئەوەیە فێربین لەو خۆڵەوە کە پارێزگاری بکەین لە دڵمان و بەپاکی ڕایبگرین وبەڕاستگۆیی و چاکە بیپارێزین (لۆقا ٨: ١٥)

ئەو تۆوانەی کەوتنە نێو زەویە باشەکەوە .

ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی وەڵامی دەبێت بۆ وشەکانی خودا و هاوشێوەی ئەو زەویە باشە ، کاریگەری باشی دەبێت تۆوەکە .

کلیلی تێگەیشتن لە هەموو نمونەکانی دیکە .

مەرقۆس ٤: ١٣ ؛ پەندەکان ٤: ٢٣ ؛ پەندەکان ٢٣: ٢٦ .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " جوتیار یان تۆوچێن " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دەرچوون ١٨، ٢٠ ، ٣٩ ، ٤٥. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. "ئاوڕ مەدەنە دواوە لە خزمەتی شانشیندا" لۆقا 9: 62 . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ١: ١٨- ٣٢. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

## وانەی (٤)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دەرچوون |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( دەرچوون ١٨، ٢٠ ، ٣٢ ، ٣٣ ) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) " ئاوڕ مەدەنەوە بۆ دواوە لە خزمەتی شانشینی خودا " لۆقا ٩: ٦٢ |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، " ئاوڕ مەدەنەوە بۆ دواوە لە خزمەتی شانشینی خودا " لۆقا ٩: ٦٢.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١: ١٨ـ ٣٢ |

پێشەکی : لە ڕۆما ١: ١ـ ١٧ ، پۆڵسی نێردراو موژدەی ئینجیلی پێشکەش کرد . ئینجیل ئامرازێکی بەهێزی خودایە بۆ ڕزگاریی خەڵکی و دەربازبوونیان ، پەیامێکی خودایە تایبەت بە ڕاستودروستی مەسیح بۆ هەر کەسێك باوەڕ بە مەسیح دەهێنێ .

بەڵام ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ پۆڵس مەبەستی لە چەسپانی ئەو بیروباوەڕەیە کە "بێتاوان بوونە تەنها بە باوەڕ" ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ ؛ ڕۆما ٢: ١- ٣: ٨ .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە .** **وشەی خودا**
پێکەوە ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.** **تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**ئاشکراکردنی ١: ئەنجامی ژیانی گەندەڵ و خراپەکاریی .**

خودا پیرۆزو ڕاستودروستە لە قەوارە خوداییەکەی و سروشتە خوداییەکەی و ئاکارە خوداییەکەیدا . لەبەرئەمەش خودا دادپەروەرە بە تەواوەتی کاتێ حوکم بەسەر ئەوانەدا دەدات کە سرشتیان گڵاو و کردەوەیان نا ڕاستودروستەو چاك نیە .

له ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ پۆڵس دەیسەلمێنێ که نەتەوەکان ( ناجولەکەکان) ڕاستودروست نین بەڵکو بەتەواویی خراپەکارن ( ڕۆما ١: ١٨) وە بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانە ڕزگاریان بێت پێویستیان بە ڕاستودروستی و بێتاوانیە لە خوداوە ( ڕۆما ١: ١٨- ٢٣ ؛ ڕۆما ١: ٢٤- ٣٢؛ ڕۆما ١: ١٩- ٢٠) .

لەگەڵ ئەوەی نەتەوەکان دەرفەتێکیان هەبوو بۆ خودا ناسی بەڵام خودایان نەپەرست و خزمەتیان نەکرد بەڵکو ڕاستیان گۆڕیەوە بە درۆ ( ڕۆما ١: ١٨؛ ڕۆما ١: ٢٥) هەروەها بڕوانە ڕۆما ١: ٢١- ٢٣ ؛ زەبورەکان ١١٥: ٨؛ پەیدابوون ٦: ٥ ؛ مەتا ١٥: ١٩) .

ڕۆما ١: ٢٤- ٣٢

ئاشکراکردنی ٢: ئەنجامی خراپەکاریی .

ڕۆما ١: ٢٨ ؛ ٢: ١٥ ؛ ١: ٣٢؛ گەلاتیە ٦: ٧ ؛ ڕۆما ١: ٢٤ ، ٢٨) .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١: ٢٩- ٣١ .

**<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u>** . **ڕونکردنەوە**

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**ڕۆما ١: 18**

**<u>پرسیاری</u> ١ :** بۆچی خودا توڕە دەبێت لە خەڵکی ؟

تێبینیەکان .

خودا تەنها خۆشەویستی نیە بەڵکو هەروەها پیرۆز و ڕاستودروستە **!**

أ. توڕەیی خودا گوزارشە لە پیرۆزی و ڕاستودروستیەکەی .

دادپەروەری خودا خەسڵەتێکی بنەڕەتی و جەوهەریە لە سروشتی خودا ، وە ڕاستودروستیەکەی و پیرۆزیەکەی وا دەکات سزای گوناهە فەرمانێکی پێویست و گرنگ بێت . هەروەها ڕاستودروستی خوداو پیرۆزیەکەی بناغەی پیویستیەکانی مرۆڤن بۆ کەفارەت لە پێناوی لێخۆشبوون لە گوناهەکانیان . بڕوانە حەزقیال ١٤: ٢١ .

ب. توڕەیی خودا گوزارشە لە سزای دادپەروەرانەی .

یاخی بوون ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی خراپەکاری بەرامبەر بە خودا وە ئاماژەیە بۆ تاوان بەرامبەر بە کەسانی تر و ستەم کردن لێیان . ( یۆحەنا ٣: ٢١ ؛ ٨: ٣٢؛ ١٧: ١٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ٢ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٢؛ عیبرانیەکان ١: ١- ٢ ؛ دواوتار ١٨: ١٥- ٢٢ ؛ کردار ٣: ١٨- ٢٦) .

ڕۆما ١: ١٩- ٢٠

پرسیاری ٢: خودا چۆن خۆی دەرخست بۆ نەتەوەکان ؟

تێبینیەکان .

أ. هەموو خەڵکی ڕاگەیاندراوی گشتییان پێ گەیشت لەلایەن خوداوە و لەبارەی خوداوە .

ڕووی نەداوە خودای کتێبی پیرۆز بەبێ شایەت وازی لەخۆی هێنا بێ لەهەر زەمەن و سەردەم وکاتێکدا لە نێو بەدیهێنراوە ژیرمەند و هۆشمەندەکانیدا لەسەر زەوی . ڕۆما ١: ١٩- ٢٠ وە لە ڕێگەی یاسا ئەخلاقیەکانیەوە کە نوسراوە لە دڵی مرۆڤەکانداو تیایاندایە ، ڕۆما ٢: ١٥ ، خودا هەموو خەڵکی بەدیهێناوە و ئەو توانایەی پێ بەخشیون کە خودای پێ بناسن ئەگەر چی زانیاریەکی کەمیش بێت ، ڕۆما ١: ٢٠ وە دادپەروەریەکەی ڕۆما ١: ٣٢ وە بەپێی ئەم بەشە کتێبیانە بێت ئەوا نەتەوەکان زانیاریان هەیە لەسەر خەسڵەتە نەبینراوەکانی خودا وەکو چاکەو دانایی و هێزو شکۆمەندیەکەی ( زەبور ١٩: ؛ ئیشایا ٤٠: ٢١- ٢٦ ؛ کردار ١٤: ١٧ ؛ ١٧: ٢٤- ٢٧ ) .

ناسینی خودا یاخود زانیاری لەبارەی خوداوە ڕوون بوو بۆیان باشترە بڵێین تیایاندا بوو ( لە یۆنانیدا ئێن لە وشەکەدایە ) واتە تیایاندا بووە .

ئیدی هیچ پاساوێکیان نیە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانیان و شێوەی ژیانیان لە خراپەکاریدا ( ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠) .

بەڵام ئەم زانیاریەی خوداو ناسینەی خودایان گۆڕی (ئایەتەکانی ١٨ و ٢٥) هەروەها بڕوانە ڕۆما ١: ٢١ ، ٣٢ . ئیدی بت پەرستیەکانیان لە ئەنجامی گێلایەتیانەوە بوو بۆیە ئەنجامەکەی خراپەکاری بوو . ئەوان خواستی خودایان دەزانی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خراپەیان ئەنجامدا لەبەرچاوی خودا ، چونکە خودای ڕاستەقینەیان نەپەرست و دانیان پێدا نەنا کە ئەو سەرچاوەی ژیانیانە .

وە گەندەڵی سێکسی و ئەخلاقیان هەروەها لە دەرئەنجامی گێلایەتیانەوە بوو .

ب. هەموو خەڵکی ڕاگەیاندراوێکی تایبەتیان پێویستە لەلایەن خوداوەو لەبارەی خوداوە . ڕۆما ١: ٢١- ٢٣ ؛ ڕۆما ١: ١٧ ؛ ٣: ٢١ .

ڕۆما ١: ٢١- ٢٥

پرسیاری ٣: بۆچی خودا خەڵکی دەداتە دەست حەزە خراپەکانیان و شێوازی ژیانی گڵاویان ؟

تێبینیەکان .

أ. پەیوەندی نێوان ئایین و ڕەوشت زۆر بە ڕوونی و دیاریکراوی خودا بڕیاری لەسەر داوە .

تاوان ودورکەوتنەوە لە خودا بەرەو خراپەکارییان دەبات . وە گومڕایی ئایینی (گەندەڵی ڕۆحی) بەرەو گەندەڵی ئەخلاقیان دەبات . ئەوانەی نایانەوێ دان بنێن بەو بڕیارەی خودای زیندوو کە ڕایگەیاندوە لەبارەی خۆیەوە ئیدی گەندەڵ دەبن و گەندەڵییان زیاتر دەبێت ، چونکە هەرچەندە پەیوەندی مرۆڤەکان لاواز بێت لەگەڵ خودای زیندوو زیات گەندەڵ دەبێت کردەوەکانی لادەرانە دەبێت بۆ نمونە ، کاتێ مرۆڤ سوپاسی خودا ناکات و شکۆداری ناکات گێل و نەفام دەبێت.

وە کاتێ مرۆڤ باوەڕ بە خودایەکی ساختە دەهێنێ یان بە بیروباوەڕێکی ئایینی هەڵەو ساختە ، ئیدی ژیانێکی گەندەڵ دەژی لە ڕووی ئەخلاقی و سێکسیەوە . وە پێچەوانەکەشی ڕاستیە ، بۆیە باشترە و چاکەیە بۆ مرۆڤ کە تۆبە بکات و لەگەڵ خودای زیندوو ڕێبکات خودای کتێبی پیرۆز ئیدی پارێزگاری دەکات لە ئاستی ڕەوشتی ڕاستەقینەی و ڕاستودرست دەبێت !

ب. زۆرجار خودا سزای گوناهە دەدات بەوەی گوناهبار دەداتە دەست حەزی خۆیان و ئەوکات گوناهەی زیاتر ئەنجام دەدەن .

یاقوب ۱: ۱۳ ؛ ڕۆما ۱: ۲٤ ، ۲٦ ؛ ڕۆما ۱: ۲۸- ۳۱ ؛ گەڵاتیە ٦: ۷ ؛ بڕوانە ڕۆما ۱: ۱۸ ، ۲٤- ۲۸ ؛ ۹: ۱۸ ؛ ۱۱: ۷- ۱۰ ؛ ئیشایا ٦: ۹- ۱۰ ؛ مەتا ۱۳: ۱۱- ۱٥ .

ج. خودا پشوو درێژە بەرامبەر بە تاوانباران وخراپەکاران لەسەر زەوی.

بڕوانە ( پەیدابوون ٤: ٦- ۷ ؛ پەیدابوون ٦: ٥ ؛ ۱پەترۆس ۳: ۲۰ ؛ ۲پەترۆس ۳: ۹ ؛ بینین ۲: ۲۰- ۲۲) .

د. خودا لە ئێستادا حوکمی خەڵکی دەدات تاکو ڕزگاریان بکات لە حوکمدانی هەتاهەتایی .

بڕوانە گەڵاتیە ٦: ۷- ۸ ؛ لێڤیەکان ۲٦: ۱٤- ۲٥ ئامۆس ٤: ٦- ۱۲ ؛ حەخەی ۱: ۳- ۱۱ ؛ مەتا ۲٤: ٤- ۱٤ ؛ بینین ۹: ۲۰- ۲۱ ؛ ۱٦: ۹ ؛ حەزەقێیل ۱٤: ۲۱؛ ۱کۆرنسۆس ۱۱: ۳۲ ژیرمەندی ۸: ۱۱ ؛ دواوتار ۱۳: ۱۱؛ زەبور ۱۱۹: ۱۲٦ ؛ ئیشایا ۲٦: ۹ ؛ ئامۆس ٤: ٦- ۱۲ ؛ حەخەی ۱: ٥- ۱۱؛ عیبرانیەکان ۱۲: ٤- ۱۳ ؛ ئیشایا ۱۹: ۲۲؛ ۲سالۆنیکی ۱: ۸- ۹) .

ڕۆما ۱: ۲٦- ۲۷

پرسیاری ٤: کتێبی پیرۆز چۆن دەڕوانێتە هاوڕەگەزی سێکسی ؟

تێبینیەکان .

أ. پەیوەندی هاوسەرگیری .

بەپێی فێرکردنە ڕوونەکانی کتێبی پیرۆز ، پەیوەندی جووتبوون خواستی خودایە لە نێوان ژن وپیاودا تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرگیری، نەك هەر جۆرە پەیوەندیەکی دیکە ( پەیدابوون ۲: ۲٤ ؛ ۱سالۆنیکی ٤: ٤- ٥ ؛ عیبرانیەکان ۱۳: ٤ ؛ پەیدابوون ۱: ۲۷ ؛ ۲: ۲٤

؛ مەتا ١٩: ٥ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣١ ؛ مەتا ١٩: ٦ ؛ مەلاخی ٢: ١٤- ١٥ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ٤) .

ب. پەیوەندی هاوڕەگەزبازە سێکسیەکان .

ئەوەی کتێبی پیرۆز چارەسەری دەکات حەزو شێواز و هەستی سێکسی نیە لای کەسەکان گەرچی گۆڕینی ڕەگەز بێت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر یان هاوڕەگەزبازی . ئەم بابەتە گرنگەو کتێبی پیرۆز گرنگی پێدەدات و چارەسەری دەکات بە چۆنیەتی گوزارشکردنی کەسەکان بۆ حەزو هەستی سێکسییان .

مشتومڕە کەسێتیەکان لەگەڵ هاوڕەگەزبازە نێرینەکان ومێینەکان دەریدەخات کە کاریگەری گەورەی دایکوباوکیان لەسەر بوە لە ماوەی دروستبونیان و گەشەو پێگەیاندنیان و ڕازی بوونیان بەو بارە کە ببنە پیاو یان ژن ، کتێبی پیرۆز شرۆڤەی هۆکارەکان ناکات کە جیاوازو هەمەجۆرن بەڵام کتێبی پیرۆز بە ڕوونی فێرمان دەکات سەبارەت بەوەی مرۆڤ دەبێت چی بکات و چی نەکات لە ژیانی سێکسیدا ئیدی هەرچیەك بێت حەزو ئارەزوە سێکسیەکەی ، خودا سێکسی دروست کردوە بۆ گرێدان و ئاوێزان بوونی ژن ومێرد لە یەکەیەکی بەردەوام و تا مردن ( پەیدابوون ٢: ٢٤ ) خودا سێکسی دروست کردوە لەپێناوی چێژ بۆ هەردوو هاوسەر ( گۆرانی گۆرانیەکان ) وە بۆ منداڵ خستنەوە ( پەیدابوون ١: ٢٨) . بەڵام خودا ڕێگری دەکات لە هەموو جۆرە پەیوەندیەکی دەرەوەی هاوسەرگیری نێوان ژن ومێرد ، چونکە هەموو جۆرەکانی پەیوەندی سێکسی دیکە دژایەتی خواستی خودا دەکات بە ئاشکرا .

خودا لە پەیمانی کۆندا بە توندی حوکم دەدات بەسەر گوناهەی سێکسیدا وەکو داوێن پیسی ( پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرگیری ) هەروەها هاوڕەگەزبازی و سێکس کردن لەگەڵ ئاژەڵان ( لێڤیەکان ١٨:

٦ ، ٢٠ ، ٢٢ ، ٢٣ ؛ ٢٠: ١٠ ، ١٣ ، ١٥ ، ١٧) ، هەروەها بڕوانە ( دواوتار ٢٢: ٣٠ ؛ ٢٣: ١٧ ؛ ٢٧: ٢١) .

وە لە پەیمانی نوێدا خودا دیسان بە توندی حوکم دەدات بەسەر تاوانی سێکسی و داوێن پیسیدا ، وەکو ئەوانەی ڕۆدەچن لە گوناهەی بینینی فیلمە سێکسیەکان (پۆرن) یان ئەوانەی ناپاکی هاوسەرگیری دەکەن و بەڵێنی هاوسەرگیریان دەشکێنن بە داوێن پیسی کردن یان کاردەکەن لە لەشفرۆشیدا یان هاوڕەگەزبازن ( ١کۆرنسۆس ٦: ٩- ١٠ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٣- ٥ ؛ ١پەترۆس ٤: ٣- ٥) . بەهەرحاڵ هەموو خەڵکی ڕووبەڕوی تاقیکردنەوەیەك دەبن کە خۆیان ڕادەستی سروشتە کۆنەکەیان بن کە گوناهەیە (یاقوب ١: ١٣- ١٤) وە بە یارمەتی خودا هەموان دەتوانن بەرهەڵستی ئەو تاقیکردنەوەیە بکەن ( ١کۆرنسۆس ١٠: ١٣) ، هەروەها بڕوانە یەهوزا ٧ ؛ بینین ٢١: ٨؛ ١کۆرنسۆس ٣: ١٦- ١٧ ؛ ١کۆرنسۆس ٦: ١١ ، وە ئەوانەی هاوڕەگەزبازن و داوێن پیسی دەکەن دەکرێ تۆبە بکەن و ڕزگاریان بێت و بگەڕێنەوە بۆ لای عیسای مەسیح.

ڕۆما ١: ٢٨- ٣٢

پرسیاری ٥: خودا چۆن سزای ئەوانە دەدات کە واز لە خواستی خودا دەهێنن و بەدکاران پەسەند دەکەن و دڵخۆش دەبن بە خراپەکاران ؟

تێبینیەکان .

خودا ئەوانە دەست هزری لادەریان و ئیدی ناتوانن جیاکاری بکەن لەوەی دەیکەن کە نابێت بیکەن ، لەکۆتاییدا پڕ دەبن لە هەموو جۆرە خراپەو لادان و گەندەڵیەك . لەگەڵ ئەوەی دەزانن کە لەبەرامبەر ئەو شتانەی دەیکەن شایەنی مردنی هەتاهەتایین بەڵام بەردەوام ئەو کارانە دەکەن و شانازیشی پێوە دەکەن .

| | |
|---|---|
| **هەنگاوی ٤: <u>پەیرەوی بکە</u>.** | **پەیرەوکردن** |

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟
**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ١: 18- 32 .
**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

**١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ١: 18- 32 .**

١: 18 : ڕاستی دامەپۆشە هەرگیز ! کتێبی پیرۆز ڕاستی فێر دەکات ( یۆحەنا ١٧: ١٧) .

١: ١٩- ٢٠ : هەوڵ بدە سەرنج بدەیتە خەسڵەتە نەبینراوەکانی خودا لە کارە بینراوەکانیدا لە نێو سروشت و بەدیهێنراواندا .

١: ٢٠ : هەوڵ مەدە بیانوو بهێنیتەوە لەبەرامبەر ئەوەی تایبەتە بە داواکاریەکانی خودا . کەس ناتوانێ لەبەرامبەر خودا بانگەشەی ئەوە بکات کە بەتەواوەتی گێل و نەفامە .

١: ٢١ : سوپاسی خودا بکە لەسەر هەموو بەرەکەتەکانی و شکۆی خودا لە هەموو شتێکدا کە تیاتدایە و لەهەموو ئەو کارانەی دەیکەیت .

١: ٢٣، ٢٥ : ڕاستی مەگۆڕەوە بە درۆ !

١: ٢٣-٢٤ : ئاگادار بە ! ئایینی ساختەو لادەر دەتبات بەرەو ئاكاری سێكسی لادەر و گەندەڵ ، وە لادانی ئەخلاقی سێكسی دەتبات بەرەو بیروباوەڕی لادەر و هەڵە !

١: ٢٤ ، ٢٦ ، ٢٨ : دڵنیابە كە خودا دەتداتە دەست نەریتە تاوان وگوناهەكانت ئەگەر تۆبە نەكەیت لێیان .

١: ٢٧ : ئاگادار بە ! گوناهەی هاوڕەگەزبازی دەتبات بەرەو نەخۆشی و كێشەی زۆر قێزەون و ترسناك .

١: ٢٨ : مانەوەو پارێزگاری كردن لە ناسینی خودای زیندوو ئەوەی دەستت كەوتوە لە كتێبی پیرۆز زۆر بە نرخە .

١: ٢٨-٢٩ : تاوان ودوركەوتنەوە لە خودا بە دڵنیایی دەتبات بەرەو جۆرەها خراپەكاری .

١: ٢٩-٣١ : ئەم لیستە كە چەندین بابەتی كردەیی لە خۆگرتوە ، بەلای خوداوە گوناهەن .

١: ٣٢ : هیچ مرۆڤێك ناتوانێ ویژدانی خۆی بێدەنگ بكات بە تەواوەتی!

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوكردنی كەسێتی :

أ. دان دەنێم بەوەدا كە دوور بووم لە مەسیح و تاوانبارو خراپەكار بووم ، هەروەها ژیانم نمونەیەك بوو لە بێڕیزی كردن بە خوداو جۆرەها خراپەم ئەنجام دا ، تۆبەم كردو گەڕامەوە بۆلای خوداو ڕاستودروستیەكەی ئەو كات زانیم و هەستم كرد كە ڕاستودروستی لە خودی خۆمدا نیە تاكو داواكاریەكانی خودای پێ جێبەجێ بكەم و ببمە كەسێكی بێتاوان وڕاستودروست ، ئیدی ڕێگەم دا بە ڕاستودروستی خودا كاتێ باوەڕم بە عیسای مەسیح هێنا كە مرد لە پێناوی گوناهەكانی مندا ، وە هەستایەوە تا دەریبخات و بیسەلمێنێ خودا ڕەزامەندە لەسەر كەفارەتە قوربانیەكەی مەسیح لە پێناوی گوناهەكانمدا !

ب. به تەواوی دەزانم  كە پەیوەندیەكەی بەهێز  هەیە لە نێوان بیروباوەڕی ئایینی و ژیانی ئەخلاقی كەسەكان . هەموو تاوانبارێك هەڵدەستێ بە بەدكاری . هەر كەسێك باوەڕی بە ئاینێكی هەڵە و ساختە هەبێت دەرئەنجام بتپەرستی دەكات و كوشتن و دزی و گەندەڵی سێكسی و درۆو حەزی خۆپەرستی پەیڕەودەكات . بۆیە زۆر گرنگە خەڵكی فێری ڕاستی موژدەی ئینجیل بكەم تاكو بتوانن بەژیانێكی ئەخلاقی تەندروست و ڕاست بژین .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٥: نوێژ بكە** **هاتنەدەنگ**<br>بە نۆرە نوێژ دەكەین ، هەریەكێك سەبارەت بە یەك ڕاستی كە خودا فێری كردین لە ڕێگەی ئایەتەكانیەوە لە ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ .<br>( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەكەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم كتێبەدا ). پرۆڤە بكەن لەسەر نوێژی كورت كە پێكهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر كۆمەڵەیەك دەكرێ نوێژ بكەن سەبارەت بە كاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژی داكۆكیكاری** |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی كۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەكانتان بەرز بكەنەوە لە پێناوی یەكتر و لە پێناوی خەڵكی جیهان.

| ٦ | **ئەركی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری كۆمەڵەكە .** ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) ڕۆما ١: ١٨- ٣٢.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دواوتار ٤، ٥، ٦، ٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : تێڕامان بكەو ئایەتی نوێی لەبەركردن :
"سەركەوتنی شانشین" دانیال 2: 44 لەبەر بكە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .
٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : نمونەی ( كرێگرتە بەدكارەكان ) لە مەتا ٢١: ٣٣- ٣٩ ؛ مەرقۆس ١٢: ١- ١٢ ؛ لۆقا ٢٠: ٩- ١٩. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەكانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئەم ئامادەكاریەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

**وانەی (٥)**

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دەرچوون |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (دواوتار ٤، ٥، ٦، ٧ ) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) "سەرکەوتنی شانشین " دانیال ٢: ٤٤ |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، " سەرکەوتنی شانشین " دانیال ٢: ٤٤

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) کرێگرتە بەدکارەکان |

"نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان" لە مەتا ٢١: ٣٣- ٤٦ تایبەتە بە **وشەی نێردراوەکانی خودا لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو شتانەی باوبوون هەروەها ئەو ڕوداوانەی ڕۆژانە ڕوویدەدا بەکار دەهێنا لەپێناوی ڕاگەیاندنی نهێنی شانشینی خودا و ڕوونکردنەوەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەسەر ڕاستی بارودۆخیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە لەم نمونەیە دەکەین بە بەکارهێنانی ڕێنمایی شەشەم لە لێکۆڵینەوەی نمونەکان ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکان ٩ ، پاشکۆی ١) .

مەتا ٢١: ٣٣- ٤٦ ؛ مەرقۆس ١٢: ١- ١٢ ؛ لۆقا ٢٠: ٩- ١٩ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکەی پێشەکی نمونەکە تێ بگە .

پێشەکی : ئەم نمونەیە بە زمانێکی میتافۆری و بە واتایەکی ڕۆحی پشت دەبەستێ بە زمانی بەکارهاتوو ، بۆیە یەکەمجار لێکۆڵینەوە دەکەین لە چیرۆکەکەو پاشخانە کلتوریەکەی / شارستانی و ڕاستیە مێژووییەکان.

گفتوگۆ : ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن چیرۆکی نمونەکە لەخۆی دەگرێ؟

تێبینی .

خاوەن ڕەزو ڕەزەوانەکان .

بەراوردی بکە بە ئیشایا ٦٣: ٢- ٣ ؛ حەخەی ٢: ١٦ ؛ ئیشایا ٥: ٢ ؛ گۆرانی گۆرانیەکان ٢: ١٥ ) .

ڕەزەوانە کرێگرتەکان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ خاوەن ڕەزدا .

بەراوردی بکە بە ( مەتا ٢١: ٣٤ ؛ مەرقۆس ١٢: ٢ ؛ لۆقا ٢٠: ١٠) . وە ئەو ڕەزە نابێتە موڵکی ڕەزەوانەکان بەڵکو هەر بە موڵکی خاوەن ڕەز دەمێنێتەوە !

کۆیلەکان .

کات وەرزی بەرووبووم هات ، خاوەن ڕەز کۆیلەیەکی نارد بۆلای کرێگرتەکان بۆ ئەوەی پشکی خۆی وەربگرێت ئەو کۆیلانە لەلایەن خاوەن ڕەزەوە نێردرابوون بۆ ئەوەی پشکی گەورەکەیان لە بەروبوومی ڕەزەکە ببەنەوە بۆ ماڵەوەی گەورەکەیان ، هەستان بەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو وە داواکاریەکی گەورەکەیان بەناوی خاوەن ڕەزەوە پێشکەش کرد .

ئەم نمونەیە سنوری عەقڵ و لۆژیک دەبەزێنێ ...

کرێگرتە بەدکارەکان زۆر بێ ئابڕوو و ناڕاستگۆ و دڵڕەق بوون . پەیوەست نەبوون بەو پشکەی لەسەری ڕێکەوتبوون ، بە پێچەوانەوە بە خراپی مامەڵەیان کرد لەگەڵ کۆیلەکان و تەنانەت یەکێکیان لێ کوشتن و ئەوی دیکەیان سەنگباران کرد تا مردن ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا سوکایەتی کردن بوو بە خاوەن ڕەزەکەو هەروەها دان نەنان بوو بە مافەکەیدا . لە پەیوەندیە ئاساییە مرۆییەکان وا باوە کە خاوەن ڕەز بە زووترین کات وڕاستەوخۆ کرێگرتەکان سزا بدات ، بەڵام لێرەدا دەبینن جارێکی تر دەرفەتی پێدان تا ئەوە بکەن کە پێویستە بیکەن .

ئەم نمونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کرێگرتەکان پلانیان هەبوو خاوەن میرات یان میراتگرەکە بکوژن ودەست بەسەر ڕەزەکەدا بگرن بەڵام خەیاڵیان خاوە و گێلن ، چونکە خاوەن ڕەز هەر زیندووەو دێت و سزایان دەدات بە توندی .

ئەم توندیە بەراورد بکە بە زەبوور ٢: ١- ٤ .

٢. **<u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ

بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لەمەتا ٢١: ١- ٣٢ .**

پاککردنەوەی پەرستگا . بەراوردی بکە بە پاککردنەوەی یەکەمی پەرستگا لە یۆحەنا ٢: ١٣- ١٦ ، وە بە ووتەو کارەکەی لە مەرقۆس ١١: ١٨ ؛ لۆقا ١٩: ٤٧- ٤٨ .

دارهەنجیری بێ بەر .

عیسا مەبەستی نیە سزای دارەکە بدات بەڵکو ئەم ڕوداوە واتایەکی قوڵی هەیە وەکو نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان و شیکاری واتایەکی قوڵتر دەکات .

وەڵامی پرسیار بە پرسیار .

لۆقا ٢٠: ١ .

ڕابەرانی جولەکە و شوێنکەوتەکانیان بەرهەڵستی عیسا دەکەن ، یۆحەنا ١١: ٥٣ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا ٢١: ٣٣- ٤١ .

دوو خاڵی تێدایە شایەنی سەرنجن .

مەتاو لۆقا دەڵێن کوڕی خاوەن ڕەزەکە یەکەمجار فڕێ درایە دەرەوە و پاشان کوشتیان ، وە مەرقۆس دەڵێ سەرەتا کوشتیان وپاشان فڕێ درایە دەرەوە ، هیچ جیاوازیەکی جەوهەری لەمەدا نیە چونکە مەتاو لۆقا پێداگری دەکەن لەسەر ڕیزبەندی مێژوویی کاتێ عیسا کۆتکرا بەرەو دەروازەی ئۆرشالیم و پاشان لەخاچدرا ( عیبرانیەکان ١٣: ١٢) بەڵام مەرقۆس پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی لە ڕاستیدا ئەوان بە دڕندەترین شێوە کوشتیان و سوکایەتیان پێکردو فڕییان دایە دەرەوەی ڕەزەکە وەك نەفرەت لێکراوێك . هەر سێ مزگێنیدەران گوزارش دەکەن وەك هێمایەك بۆ ڕیتکردنەوەی عیسای مەسیح لەلایەن نەتەوەی ئیسرائیلەوە بە فەرمی.

پەرچەکرداری بیسەرانی یەکەم .

مەتا ٢١: ٤٠ بەراوردی بکە بە ٢ ساموئیل ١٢: ١- ١٢ .

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا 21: 42- 44 .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا وەڵامی دانەوە ئایا لە کتێبدا نەتانخوێندوەتەوە ( زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣) ( ئەو بەردەی ... ) بڕوانە مەتا ٢١: ٤٢- ٤٣ ؛ لۆقا ٢٠: ١٨ ؛ دانیال ٢: ٤٤- ٤٥ . وە بەرد زۆر قەوارەی جیاواز لە خۆ دەگرێ لە پەیمانی کۆن و نوێدا .

**"بەرد" لە پەیمانی کۆن** . زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ ؛ ١٤٧: ١٩- ٢٠ .

**"بەرد" لە پەیمانی نوێ** . لێرەدا عیسا دەردەکەوێ لە پێشبینی زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ بەراوردی ئیشایا ٤١: ٨- ١٤ و ٤٣: ١- ٧ بکە بە ئیشایا ٤٢: ١- ٧ و ٤٩: ١- ٧ . بڕوانە یۆحەنا ٤: ٢٢ ؛ کردار ١٣: ٢٣ ؛ بینین ١٢: ١، ٢، ٥ ؛ یۆحەنا ١: ١١ ؛ ڕۆما ٩: ٤- ٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ١٢ ؛ ڕۆما ٥: ١٢ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٥: ١٧ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ١٢ ؛ مەتا ٢١: ١٥ ، ٢٣ ، ٤٥ ؛ ئیشایا ٥٣ ؛ لۆقا ٢٣: ٢ ؛ یۆحەنا ٦: ١٤- ١٥ ؛ ١٨: ٣٦- ٣٧ ؛ ١٩: ١٢ بەراورد بکە بە کردار ١: ٦ .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

**تێبینیەکان** .

**"ڕەز"**

وێنەی "ڕەز" دەتسبەجێ گەلی ئیسرائیلمان بەبیر دەهێنێتەوە ، ئەم نمونەیە بەشێوەیەکی سەرەکەی لەسەر بنەمای زەبوری ٨٠ و ئیشایا ٥ بونیاد نراوە . بڕوانە ئیشایا ٨٠: ٨- ١٦ ؛ ئیشایا ٥: ١- ٧ لێرەدا دەبینین ڕەز وێنەیەکە وەك ئاماژە بۆ گەلی ئیسرائیل لە ئیشایا ٢٧: ٢- ٣ ؛ یەرمیا ٢: ٢١ ؛ حەزقێیل ١٥: ١- ٦ ؛ ١٩: ١٠- ١٤ ؛ هۆشەع ١٠: ١- ٢ ؛ ئەم ڕەزەش بە تەواوەتی لە عیسای مەسیحدا هاتە دی کە دەفەرموێ ( یۆحەنا ١٥: ١- ٦) . بڕوانە ڕۆما ١١: ٢٠- ٢٣ ؛ گەلاتیە ٦: ١٢- ١٦ . وە لە نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان ڕەز ئاماژە نیە بۆ گەلی ئیسرائیل وەکو

نەتەوەو دەوڵەت بەڵام ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەڵبژێردراون وەکو گەل ( بڕوانە پەیدابوون ١٢: ٣ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ مەتا ٢١: ٤٣) .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٩: ٦ .

خاوەن ڕەز یان گەورەی ڕەزەکە . بڕوانە گەلاتیە ٣: ٢٦- ٢٩ ؛ ئەفەسۆس ٣: ٤- ٦ .

کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکان .

لە شرۆڤەو جێبەجێ کردنی نمونەکەدا بە ئاشکرا عیسا ئەوەمان پێ دەڵێت کە شانشینی خودا لە گەلی ئیسرائیل دەسەندرێتەوە کەمەبەست لە ( سەرۆك کاهینان و مامۆستایانی تەورات و پیرانی گەلی ئیسرائیلە) کرێگرتە بەدکارەکانیش وێنەیەکە بۆ ڕابەرانی ئایینی و مەمامۆستایانی ئایینی و پیرانی ئیسرائیلەو شوێنکەوتەکانیان .

کرێگرتە ڕەزەوانەکانی دیکە لەکاتی خۆیدا بەروبووم دەهێنن بۆ خاوەن ڕەزەکە .

مەتا ٢١: ٤٣ ؛ دەرچوون ١٩: ٦ ، ئاماژەیە بۆ گەلێك کە بەرهەم دەدەن لە شانشیندا ، باوەڕدارانی پەیمانی نوێ ، بڕوانە ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ کردار ١٥: ١٤- ١٨ ؛ ڕۆما ٩: ٢٥ ؛ ٢کۆرنسۆس ٦: ١٦ ؛ گەلاتیە ٣: ٢٦- ٢٩ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ٢٢ ؛ ٣: ٤- ٦ ؛ کۆلۆسی ٣: ١١ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ١٠ ؛ تیتۆس ٢: ١٤ ؛ بینین ٢١: ٣ ؛ ڕۆما ٩: ٦- ١٦ ، ٢٤- ٢٩ ؛ مەتا ٣: ٧- ١٠ ؛ کردار ٢٦: ١٧- ٢٠ .

کۆیلەکان .

نمونەکە شرۆڤەی ئەوەمان بۆ ناکات ئەو کۆیلانە کێن کە خاوەن ڕەز ناردنی بەڵام عیسا ئاماژە دەکات بە ڕوونی بۆ پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن ( ١ پاشایان ١٩: ١- ٣ ؛ ٢٢: ٢٧ ؛ عیبرانیەکان ١١: ٣٧ ؛ یەرمیا ١١ ، ١٢ ، ١٨ ، ٢٠ ، ٢٧ ، ٣٦ ، ٤٣ ؛ خەزقێیل ٢: ٦ ؛ ٢٠: ٤٩ ؛ ٣٣: ٣١- ٣٢ ؛ ئامۆس ٧: ١٠- ١٥ ؛ مەتا ٥: ١١- ١٢ ؛ مەتا ٢٣: ٢٩- ٣٢،

٣٧ هەروەها بڕوانە لۆقا ١١: ٤٧- ٥١ ، ١٣: ٣٣- ٣٥ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣٦- ٤٣ .

کوڕی خۆشەویست تاقە میراتگرە . بڕوانە زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ ؛ ئیشایا ٢٨: ١٦ ؛ مەتا ٢١: ٤٢ ؛ کردار ٤: ١١ ؛ ڕۆما ٩: ٣٣ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٢٠ ؛ ١پەترۆس ٢: ٦ ؛ ١پەترۆس ١: ٢٢ ؛ لۆقا ٢٠: ١٨ ؛ لۆقا ٢: ٣٤ .

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

| |
|---|
| نمونەی کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکان لە مەتا ٢١: ٣٣- ٣٩ نمونەیەکە تایبەتە بە "نێردراوانی خودا لە شانشینی خودا " ، وە وەڵامدانەوەی گەلی بە نەژاد ئیسرائیل بۆیان .<br>پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : لەگەڵ ئەوەی گەلی ئیسرائیل وەك نەتەوە بەشێوەیەکی نالۆژیکیانە گوناهەیان کرد بەرامبەر بە خۆشەویستیەکەی بێ سنورەکەی خودا ئەو خۆشەویستیەی کە لە کوڕە خۆشەویستەکەیدا عیسای مەسیح دایە ، عیسای مەسیح سەردەکەوێت بەسەر دوژمن و ناحەزانیدا و شانشینی خۆی دادەمەزرێنێ وەك لە زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ ، لەگەڵ هەموو ئەو بەرهەڵستی و ڕەتکردنەوانەی نێردراوانی خودا بەڵام خواستی |

خودایە کە شانشینیەکەی دامەزرێنێ لەسەر زەوی و ناکرێ پوچەڵ بکرێتەوە و پەکبخرێ .

خودا هەموو جولەکەکانی ڕەتنەکردەوە کە سەر بە گەلی ئیسرائیلن وەکو نەژاد . ڕۆما ٩- ١١ ڕۆما ١٠: ١٧- ١٨ ؛ ٩: ٢٧ ؛ ١١: ٢٣ .

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : فێرکردنەکانی بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێرکردنەی نمونەی کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکاندا ؟

**تێبینیەکان .**

دار هەنجیری بێ بەر .

مەتا ٢١: ١٨- ١٩ . عیسا توڕەنەبوو لە دارهەنجیرەکە بەڵام ئەم ڕوداوە واتایەکی قوڵ لەخۆ دەگرێ . وە نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان شرۆڤەی ئەم واتا قوڵە دەکات .

دارهەنجیرەکە گەڵای زۆری پێوە بوو بەڵام بێ بەر بوو بەپێی کتێبی پیرۆز لە لۆقا ١٣: ٦- ٩ هێمایەك بوو بۆ گەلی ئیسرائیل لەوەی ئەو هەموو ڕێزەیان لێنراوە ، وە هێمایەك بوو بۆ ئەوەی زۆر بەتوندی دەست دەگرن بە دینداریەوەو بە پیرۆزی دادەنێن وە زۆر قوربانی ئاژەڵ پێشکەش دەکەن ، بەڵام لە ڕاستیدا پەرستگایان گۆڕی بۆ بازاڕ و بازرگانی و کڕین وفرۆشتنیان تێدا دەکرد ، وە ڕابەرانیان پلانیان دانا بۆ کوشتنی عیسا ، عیسا جولەکەی ڕەتنەکردەوە وەکو جولەکە بەڵکو هەواڵی داپێیان کە لەجێی ئەوان وەکو نەژاد ئیدی شانشینی خودا دادەمەزرێنێ کە پێکهاتبێت لە نەتەوەکان وجولەکە ، ئەوە بوو شانشینی خودا دامەزرا لە باوەڕدارانی جولەکەو ناجولەکە (نەتەوەکان) چونکە ئەوان بەرهەم دەهێنن و بەرهەم دەدەن نەك تەنها گەڵای دار ( مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ١٠) .

نمونەی وەڵامی پرسیار بە پرسیار .

ئەم نمونەیەی مەتا ٢١: ٢٨- ٣٢ هەندێ لێکچوون وهەندێ جیاوازی هەیە لەگەڵ نمونەی کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکان ، بڕوانە مەتا ٢١: ٤٠- ٤٣ .

نمونەی داوەتی پاشا .

ئەم نمونەیەی مەتا ٢٢: ١- ١٤ هەروەها هەندێ لێکچوون وهەندێ جیاوازی هەیە لەگەڵ نمونەی کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکان .

**٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .**

**گفتوگۆی لەبارە بکە** : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

**تێبینیەکان .**

**پەیامی سەرەکی .**

نمونەی کرێگرتە ڕەزەوانە بەدکارەکان کە هاتوە لە مەتا ٢١: ٣٣- ٣٩ نمونەیەکە تایبەت بە " نێردراوانی شانشینی خودا " وە سروشتی وەڵامدانەوەی گەلی ئیسرائیل لەگەڵیاندا . زەبور ١١٨: ٢٢- ٢٣ .

**گەلی ئیسرائیل و کڵێسای مەسیح .**

لەماوەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح بۆ سەر زەوی ، گەلی ئیسرائیل بەڵێنی کۆنی خودایان ڕەتکردەوە بەمەش خۆیان تاوانبار کرد ئیدی خودا ڕەتی کردنەوە کە گەلی ئەو بن (مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ ٢ کۆرنسۆس ٦: ١٦ ؛ گەلاتیە ٣: ٢٦- ٢٨ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ٢٢ ؛ کۆلۆسی ٣: ١١- ١٢ ؛ ١پەترۆس ٢: ٩- ١٠ ؛ ١یۆحەنا ٣: ٤- ١٠ .

واتای بەرهەمهێنان و بەروبوم لە شانشیندا . مەتا ٣: ٧- ١٢ ؛ مەتا ٣: ٨ ، ١٠ ؛ گەلاتیە ٥: ٢٢ – ٢٣ .

| نوێژ ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** | ٥ |
|---|---|

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** | ٦ |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان " .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دواوتار ٨ ، ٩ ، ١٠ ، ١١ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی " شانشینی خودا " .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٢: ١- 16. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

## وانەی (٦)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) دواوتار |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( دواوتار ٨، 9 ، 10 ، 11 ) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچونەوە بکەن بۆ ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە "شانشینی خودا" |

. به شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) پێداچونەوە بکەن بۆ پێنج ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە "شانشینی خودا ١ـ ٥"
.

| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٢: ١- 16 |
|---|---|

پێشەکی : لە بەشی یەکەمی ڕۆما پۆڵسی نێردراو دەریخست کە نەتەوەکان بەر توڕەیی خودا کەوتوون و پێویستیان بە ڕاستودروستی خودایە بۆ بێتاوانکردنیان . وە جولەکەکانی دانیشتووی ڕۆما دانیان نا بەوەدا کە نەتوە خراپەکارەکان و گەندەڵەکان شایەنی توڕەیی خودان و بەکارەکانیان ناتوانن نیعمەتی خودا وەربگرن و پێشوازی لێبکەن .

بەڵام جولەکە تا ئێستاش بڕوایان وایە خودا لێپرسینەوە لەگەڵ جولەکە دەکات بەشێوازێکی جیاوازتر لە نەتەوەکان ، چونکە ئەوان پێیان وایە جولەکە گەلی خودایەو ڕێزێکی بێ هاوتایان لێنراوە . جولەکەکان پێیان وابوو بەهۆی بەڵێنی خودا بۆیان و جێبەجێکردنی هەندێ ئەرک کە لە دەقەکانی شەریعەتدان دەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەوان بەخشراون لە توڕەیی خودا ، بۆیە پۆڵسی نێردراو لە ڕۆما ٢: ١ـ ١٦ دەریدەخات کە جولەکە خودایان توڕەکردوەو ئەوانیش هەروەها پێویستیان بە ڕاستودروستی خودایە بۆ بێتاوانکردنیان .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا**
پێکەوە ڕۆما ٢: ١- 16 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.**          **تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**ڕۆما ٢: ١ـ ٤**

**ئاشکراکردنی ١: ئەو هۆکارەی وا دەکات جولەکە لە ژێر سایەی حوکمداندا بن .**

أ. جولەکەکان دوو ڕوو بوون ( ڕۆما ٢: ١) .

نەتەوەکان گەندەڵ بوون بەشێوەیەکی ئاشکرا ، ئەوان تاوان وخراپەیان ئەنجام دەدا ( ڕۆما ١: ١٨) ، وە شانازییان بەوانەوە دەکرد کە خراپەکار وبەدکارییان دەکرد (ڕۆما ١: ٣٢) . نەتەوەکان ئەو خراپەکاریانەیان سەرکۆنە نەکرد ، بەڵکو ئەنجامیان دەداو شانازییان دەکرد بەوانەشەوە کە ئەنجامیان دەدا .

لەبەرامبەردا جولەکە وای دەردەخست ئەوان بێتاوان وباش و ڕاستودروستن ، جولەکەکان سەرکۆنەی نەتەوەکانیان کردو حوکمیان دەدا بەسەریاندا لەو خراپەکاریەی دەیانکرد لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان هەمان ئەو خراپەکارییانەیان ئەنجام دەدا ( ڕۆما ٢: ٢١ـ ٢٢؛ ڕۆما ١: ٣٢ ؛ ڕۆما ١: ٢٠؛ ٢: ١) .

ب. جولەکەکان درێژدادڕ بوون سنوریان دەبەزاند ( ڕۆما ٢: ٢- ٣) .

*جولەکە باوەڕیان بەیەك خودا بوو ( دواوتار ٦: ١).

*ڕۆژانە سێ جار نوێژیان دەکرد (دانیال ٦: ١٠).

*لە هەموو ساڵێکدا چوار مانگ بەڕۆژوو دەبوون (زەکەریا ٨: ١٩ ) ، وە دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا (لۆقا ١٨: ١٢) .

*دەیەکیان دەبەخشی لە بەروبوومەکانیان (مەلاخی ٣: ١٠ ؛ لۆقا ١٨: ١٢) ، بەڵکو سیازدە ٪ ی داهاتیان (لێڤیەکان ٢٧: ٣٠ ؛ دواوتار ١٤: ٢٢- ٢٩ ) بۆ کاروباری ئایینی .

*لە ساڵێکدا سێ جار دەچوون بۆ ئۆرشالیم بۆ حەجکردن (دواوتار ١٦: ١٦).

*لە ڕووی جەستەییەوە نەوەی ئیبراهیم بوون ( مەتا ٣: ٧- ١٢ ؛ ٨: ١٠- ١٢ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٠- ٤٤).

*خەتەنەکرابوون (کردار ١٥: ١، ٧- ١١).

بەرووبووم لە هاتنەوەی دوەمدا دەبێتە سەرکەوتنی کۆتایی .

مەرۆقس ٤: ٢٩ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٧ ؛ بینین ٢١: ٢- ٥ .

شانشینی خودا دادەمەزرێ بە چاندن لە دەرەوە .

یۆحەنا ٦: ٤٤، ٣٧ ؛ کردار ١٣: ٤٦- ٤٨ ؛ ڕۆما ١٠: ١٤- ١٧ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨ ؛ فیلیپی ١: ٢٩ ؛ ئیشایا ٥٥: ١٠- ١١ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٥ .

شانشینی خودا کاردەکات لە ناوەوەو لە دەرەوە .

فیلیپی ٢: ٩- ١١ .

دەرکەوتنی دەرەکی شانشینی خودا هەنگاو بە هەنگاو . مەتا ١٣: ١١ ؛ مەتا ٢١: ٨- ٩ ؛ لۆقا ٩: ٥٤ ؛ یۆحەنا ٦: ١٥ ؛ کردار ١: ٦ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ زەبور ٧٢: ٨- ١١ ؛ ئیشایا ٥٤: ٢- ٣ ؛ ئیشایا ٦٠: ٦٢ ؛ یەرمیا ٣١: ٣١- ٤٠ ؛ ٣٢: ٣٦- ٤٤ ؛ ئامۆس ٩: ١١-

١٥ ؛ میخا ٢: ١٢- ١٣ ؛ ٣: ١- ٨ ؛ میخا ٥ ؛ زەکەریا ٢؛ ٨: ١٨- ٢٣ ؛ خەزقێیل ١٧: ٢٢- ٢٤ ؛ دانیال ٢: ٣٤- ٣٥ ، ٤٤ ؛ئیشایا ١: ٨- ٩ ؛ ١١: ١ ؛ ٥٣: ٢- ٣ ؛ زەکەریا ٤: ١٠ ؛ خەزقێیل ١٧: ٢٢- ٢٤ .

هەروەها بڕوانە لۆقا ١٢: ٣٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٢٦- ٣١ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ . !

| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |
|---|---|

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نمونەی ئەو تۆوەی بەنهێنی گەشە دەکات" وە نمونەی هەویرترش ، وە نمونەی دەنکە خەردەل .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١ساموئیل ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : بە تێڕامانەوە ئایەتی نوێ ڕۆما ٢: 15 لەبەر بكە . ڕۆژانە پێداچوونەوە بكە بۆ ئەو پێنج ئایەتانەی لەبەرت كردوون .
٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : ڕۆما 3: 1- 20. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەكانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەكانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی كڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە كە پەیوەندیان بە كاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەكانی لەبەركردن و فێركردن و ئامادەكاری یەوە هەیە .

## وانەی (١٠)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری كۆمەڵەكە :** نوێژ بكەو كۆمەڵەكەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بكە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریكردن (٢٠ خولەك) ١ساموئیل |

**به نۆره بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( ١ساموئیل ١٥، ١٦ ، ١٧ ، ١٨) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٢: ١٥ |
|---|---|

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) پێداچونەوە بکەن بۆ ڕۆما ٢: ١٥ .

| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٣: ١- ٢٠ |
|---|---|

پێشەکی : لە ڕۆما 1: 18- 32 پۆڵسی نێردراو بۆمان ڕووندەکاتەوە کە نەتەوەکان تووڕەیی خودا لەسەر خۆیان کۆدەکەنەوە و پێویستیان بە بێتاوانکردن هەیە لەلایەن خوداوە . وە لە ڕۆما ٢: ١- ٢٩ جولەکەکان هەروەها توڕەیی خودا لەسەر خۆیان کۆدەکەنەوە وە ئەوانیش پێویستیان بە بێتاوانکردن و ڕاستودروستی خودایە ، وە لە ڕۆما ٣: ١- ٢٠ باس لە بیانوەکانی جولەکە دەکات و جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هیچ نەتەوەیەك و جولەکەیەك ڕاستودروست و بێتاوان نیە لەبەردەم خودا ، وە پۆڵس بەڵگە دەخاتە ڕوو لەسەر وتەکانی لەڕێگەی کتێبی پیرۆزەوە .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە .** **وشەی خودا**
پێکەوە ڕۆما ٣: ١- ٢٠ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی

| |
|---|
| دەخوێنینەوە . |

| |
|---|
| **هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.          تێبینیەکان**<br>**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟<br>**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .<br>**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).<br>هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .<br>(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن). |

**ڕۆما ٣: ١- 8**

**<u>ئاشکراکردنی ١: پۆڵسی نێردراو بیانوی جولەکەکان دەبڕێت و پێیان دەڵێت کە نەتەوەکان وجولەکەکان حوکم دەدرێن لەبەردەم خودا .</u>**

مەتا ٣: ٩ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٣ ؛ مەتا ٨: ١١- ١٢ ؛ مەتا ٢١: ٤٢- ٤٤ ؛ ڕۆما ٢: ٥ .

هەروەها بڕوانە مەتا ٢٥: ٣١- ٤٦ ؛ مەتا ١٠: ١٧- ٢٠ ؛ کردار ٦: ٩- ١٠ .

ڕۆما ٣: ٩- ٢٠

ئاشکراکردنی ٢: پۆڵس دەیسەلمێنێ لە پەیمانی کۆنەوە کە نەتەوەکان وجولەکە لەبەردەم خودا حوکم دەدرێن .

ڕۆما ١: ١٨ تا ٣: ٨ ؛ ڕۆما ٣: ٩ ، ١٠ – ١٨ .

**هەنگاوی ٣: پرسیار .         ڕونکردنەوە**

**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٣: ١- ٢٠ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).

**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).

(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**ڕۆما ٣: ١- ٢**

**پرسیاری ١** : هۆکار چی یە ، ئەو ڕێزلێنانەی خودا لە ئیسرائیل گرەنتی نیە بۆ جولەکەکان کە بێتاوان دەکرێن ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٩: ٤- ٥ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١١- ١٢ ؛ ڕۆما ٣: ٢ ؛ ڕۆما ٣: ٢١ ؛ لۆقا ٢٤: ٢٥- ٢٧ ، ٤٤- ٤٥ ؛ یۆحەنا ٥: ٤٥- ٤٧ ؛ ڕۆما ٣: ١٠- ١٨ ؛ ڕۆما ٣: ٢٢ .

ڕۆما ٣: ٣- ٤

پرسیاری ٢: بۆچی سەرڕاستی خودا جولەکە بێتاوان ناکات ؟

تێبینیەکان .

عیبرانیەکان ٤: ١- ٢ ، ٦ ؛ زەبور ٥١: ٤ .

ڕۆما ٣: ٥- ٨

پرسیاری ٣: بۆچی ڕاسودروستی خودا جولەکە بێتاوان ناکات ؟

تێبینیەکان .

ئیشایا ٥: ٢٠ .

ڕۆما ٣: ٩- ١٨

پرسیاری ٤: چۆن پۆڵس فێرکردنەکانی دەسەلمێنێ کە جولەکە و نەتەوەکان لەبەردەم خودا دەوەستن بۆ حوکمدانیان ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ١: ١٨ تا ٣: ٨ ؛ زەبور ١٤: ١- ٣ ؛ زەبور ٥٣: ١- ٣ ؛ ئیشایا ٦٤: ٦ ؛ لۆقا ١٨: ١٩ ؛ زەبور ٥: ٩؛ ١٠: ٧ ؛ ١٤٠: ٣ ؛ مەتا ١٢: ٣٣- ٣٧ ؛ ١٥: ١٨- ١٩ ؛ مەتا ٧: ١- ٢ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١٢- ١٣ ؛ لۆقا ١٧: ٣- ٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ١- ١٣ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٢٠ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٣: ١٨ کە وەرگیراوەتەوە لە زەبور ٣٦: ١ .

ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠

پرسیاری ٥: دەرئەنجامی کۆتایی وتەکانی پۆڵسی نێردراو چی یە لەبارەی نەتەوەکان و جولەکە کە حوکم دەدرێن و تاوانبار دەکرێن لەبەردەم خودا ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٣: ١٢، ١٩ ؛ ڕۆما ١: ١٨- ٣٢ ؛ ڕۆما ٦: ١٤ ؛ ڕۆما ٢: ٢١- ٣: ٨ ؛ ڕۆما ٣: ١٠- ١٨ ؛ ڕۆما ٢: ١٤- ١٥ ؛ ڕۆما ٢: ١٢- ١٣ ؛ ڕۆما ٢: ١٥ ؛ ٣: ٢٠-٢١ ، گەڵاتیە ٣: ١٠ .

هەروەها بڕوانە گەڵاتیە ٣: ٢١- ٢٥ .

| |
|---|
| **هەنگاوی ٤: پەیڕەوی بکە.** **پەیڕەوکردن**<br>**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟<br>**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٩ .<br>**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟<br>**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.<br>(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ). |

**١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٣: ١- ٢٠ .**

٣: ١ : ڕێزلێنان ناتوانێ بێتاوانم بکات ، وە نەرێنیەکان ناتوانن ڕێگر بن لەوەی بێبەشم بکەن لە دەستکەوتنی بێتاوان بوون ، تەنها خودا دەتوانێ بە باوەڕ بێتاوانم بکات .

٣: ٢ : کتێبێکی پیرۆزم هەبێت ڕێزلێنانێکی مەزنە و دەیخوێنمەوەو لێکۆڵینەوەی دەکەم !

٣: ٣ : خودا بە بەردەوامی سەڕاستە ئەگەر چێ من سەرڕاست نەبم (٢تیمۆساوس ٢: ١٣) .

٣: ٤ : خودا هەمیشە دەدوێ بە ڕاستی و درۆ ناکات ( ژمارە ٢٣: ١٩) ، بۆیە دڵنیابەو متامنەت هەبێت بە وشە نوسراوەکانی نێو کتێبی پیرۆز .

٣: ٥- ٨ : ئاگادار بە لە بیانوو هێنانەوەو بیرۆکەی هەڵەو لادەر .

٣: ٩ : هەرگیز وا بیرمەکەوەو پێت وانەبێت کە نەژاد و فەرهەنگ و زمان ومێژووەکەت باشترە لە نەژادو فەرهەنگ و زمان و مێژووی خەڵکانی تر (گەلاتیە ٣: ٢٨) .

٣: ١٠- ١٢ : دڵنیابە بە تەواوی کە بەپێی پێوەری خودا ، مرۆڤ لەڕووی ڕۆحی و ئەخلاقیەوە گەندەڵە .

٣: ١٣- ١٤ : ئاگادار بە لەو وشانەی لە زارت دێنە دەرەوە (زەبور ١٤١: ٣ ؛ مەتا ١٢: ٣٦ ؛ ١٥: ١٨- ٢٠ ) .

٣: ١٥- ١٧ : بەشداری مەکە لە شەڕ و ململانێی مرۆڤەکان (یاقوب ٤: ١- ٢) .

٣: ١٨ : هەردەم پەیوەندیەکی گەرم و کەسێتیت هەبێت لەگەڵ خودای زیندوو .

٣: ١٩ : هەوڵ مەدە خۆت بە بێتاوان پیشان بدەیت لەبەردەم خودا.

٣: ٢٠ : پشت بە فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز ببەستە هەروەها بە ڕاسپاردە ئەخلاقیەکانی وەکو ئاوێنەیەك خۆتی تێدا ببینەوە وەك چۆن خودا دەتبینێت.

٢. نموونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . گەر بڵێین خراپەکاری پەیڕەو بکەین تاکو چاکەمان دەست بکەوێت وتەیەکی گەندەڵ و بێ ڕەوشتیە وە دواجار فێرکردنێکی هەڵەو لادەرە . دەمەوێ وەك مامۆستایەکی کتێبی پیرۆز بم و بەباشی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بکەم .

ب. دەمەوێ ئایەتەکان و بەشەکانی کتێبی پیرۆز ڕابگەیەنم و هەموان ئاگادار بکەمەوە کە بە سروشت گوناهبارن تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان بە چاکەکار دەزانن بەڵام لەبەرچاوی خودا هەموان پێویستیان بە بێتاوان کردن هەیە .

| |
|---|
| **<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u>** **هاتنەدەنگ**<br>بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 3: 1- 20 .<br>( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ). |

| | |
|---|---|
| **نوێژ ( ٨ خولەك ) نوێژی داکۆکیکاری** | ٥ |

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابییەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 3: 1- 20.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە 2ساموئیل ٢، 5، 6، 7 . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : تێرامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : ڕۆما 3: 28 لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : نمونەی ( گەنجینە و مراوری ) لە مەتا ١٣: ٤٤- ٤٦ . ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئەم ئامادەکاریەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

# وانەی (١١)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢ساموئیل |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢ساموئیل ٢، ٥ ، ٦ ، ٧ ) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٣: ٢٨ |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، " سەرکەوتنی شانشین " ڕۆما ٣: ٢٨

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) گەنجینەی شاراوەو مرواری بەنرخ |

"نمونەی گەنجینەی شاراوە" لە مەتا ١٣: 44، وە " نمونەی مرواری بەنرخ " لە مەتا ١٣: ٤٥- ٤٦ تایبەتن بە **نرخی چوونە نێو شانشینی خودا .**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو شتانەی باوبوون هەروەها ئەو ڕوداوانەی ڕۆژانە ڕوویدەدا بەکار دەهێنا لەپێناوی ڕاگەیاندنی نهێنی شانشینی خودا و ڕوونکردنەوەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەسەر ڕاستی بارودۆخیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە لەم نمونەیە دەکەین بە بەکارهێنانی ڕێنمایی شەشەم لە لێکۆڵینەوەی نمونەکان ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکان ٩ ، پاشکۆی ١) .

أ. نمونەی گەنجینەی شاراوە .

مەتا ١٣: ٤4 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکەی پێشەکی نمونەکە تێ بگە .

پێشەکی : ئەم نمونەیە بە زمانێکی میتافۆری و بە واتایەکی ڕۆحی پشت دەبەستێ بە زمانی بەکارهاتوو ، بۆیە یەکەمجار لێکۆڵینەوە دەکەین لە چیرۆکەکەو پاشخانە کلتوریەکەی / شارستانی و ڕاستیە مێژووییەکان.

گفتوگۆ : ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن چیرۆکی نمونەکە لەخۆی دەگرێ؟

تێبینی .

ئەو وێنەیەی لەبەردەستمانە لێرەدا پیاوێکە لەنێو کێڵگەکەیدا چاڵێك هەڵدەکەنێ ، بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەو ڕوداوە بێت گەنجینەیەکی شاراوەی دۆزیەوە لە زەویەکەدا . چیرۆکەکە پێمان ناڵێت کێ ئەو گەنجینەیەی شاردۆتەوە یان بۆ چی مەبەستێك لەوێدا شاردراوەتەوە .

بەڵام بەهۆی جەنگ و دز ڕەنگە زۆرجار خەڵکی گەڕابێتن بە دوای جێیەکی ئارام تاکو شتە بەنرخەکانیانی تێدا بشارنەوە .

٢. **چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە** .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێیەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣: ٣٦- ٤٣ .**

ئەم نمونەیە دوای شرۆڤەکەی عیسا بۆ نمونەی گەنم وزیزان دێت ڕاستەوخۆ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا 13: 44 .

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا 13: 44 .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

**تێبینیەکان .**

شانشینی خودا .

زەبور ٢٤: ١ ؛ ١٤٥: ١٣ ؛ مەتا ٢٨: ١٨ ؛ کردار ٢: ٣٦ ؛ ڕۆما ١٤: ٧ ؛ لۆقا ١٧: ٢٠- ٢١ ؛ مەرقۆس ١٠: ٢٥- ٢٦ ؛ مەتا ١٦: ١٨- ١٩ ؛ مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٦ .

گەنجینە .

گەنجینە خاڵی وردەکاری و سەرەکیە لەم نمونەیەدا ، چونکە هێمایە بۆ شانشینی خودا و نرخی گرانبەهای بێ شوماری .

کێڵگە .

هەندێ لە ڕاڤەکاران پێیان وایە هێمایە بۆ کتێبی پیرۆز ، بەڵام ئەم ڕاڤەو ڤۆچوونەی ئەوان شیاو نیە چونکە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز تاقە ڕێگە نیە بۆ ئاشکراکردنی شانشینی خودا ! بۆ نمونە پۆڵسی نێردراو کتێبی پیرۆزی نەخوێندەوە کاتێ شانشینی خودای دۆزیەوە.

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

| |
|---|
| نمونەی گەنجینەی شاراوە لە مەتا ١٣: 44 نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "نرخی چوونە نێو شانشینی خودا " پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : شانشینی خودا گەنجینەیەکی بەنرخە ئەوەی بیەوێ دەستی بکەوێت دەبێت ئامادە بێت واز لە هەموو شتەکانی دیکەی بهێنێت لەپێناویدا . |

چوونە نێو شانشینی خودا شایەنی هەموو قوربانیەکە . وە " چوونە نێو شانشینی خودا " واتە دەستکەوتنی بەهۆی نیعمەتی ڕزگاریی مەسیح و لە ڕێگەی باوەڕ هێنان بە عیسای مەسیح . مەرقۆس ١٠: ٢٤- ٢٦ ؛ کردار ١٦: ٣١ .

**٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.**

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : فێرکردنەکانی بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێرکردنەی نمونەی ئاشکراکردنی شانشینی خودا و چوونە ناوی ؟

**تێبینیەکان .**

* یۆحەنا ١: ٤٥- ٥١ .

یۆحەنا ٤: ١- ٤٠ .

یۆحەنا ٩ .

کردار ٩: ١- ١٩ ؛ فیلیپی ٣: ٧- ٩ .

کردار ١٦: ٢٥- ٣٤ .

ب. نمونەی مراوری بە نرخ

مەتا ١٣: ٤٥- ٤٦ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکەی پێشەکی نمونەکە تێ بگە .

پێشەکی : ئەم نمونەیە بە زمانێکی میتافۆری و بە واتایەکی ڕۆحی پشت دەبەستێ بە زمانی بەکارهاتوو ، بۆیە یەکەمجار لێکۆڵینەوە دەکەین لە چیرۆکەکەو پاشخانە کلتوریەکەی / شارستانی و ڕاستیە مێژووییەکان.

گفتوگۆ : ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن چیرۆکی نمونەکە لەخۆی دەگرێ؟

تێبینی .

ئەو وێنەیەی لەبەردەستمانە لێرەدا بازرگانێکە دەگەڕێت بەدوای باشترین مراوریدا .

**٢. <u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .**

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣: ٣٦- ٤٣ .**

ئەم نمونەیە دوای شرۆڤەکەی عیسا بۆ نمونەی گەنم وزیزان دێت ڕاستەوخۆ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا 13: ٤٥- ٤٦ .

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا 13: ٤٥- ٤٦ .

**٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.**

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

**تێبینیەکان .**

بازرگانێك دەگەڕێ بە دوای باشترین مرواریدا . ئەمە خاڵی سەرەکی نمونەکەیە .

مراوری . مەتا ٧: ٦ ؛ مەتا ١٠: ١٤- ١٥ ، ٢٣ ؛ ١تیمۆساوس ٣: ١- ٧ .

**٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .**

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان .**

| |
|---|
| نمونەی مرواری لە مەتا ١٣: ٤٥- ٤٦ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "نرخی چوونە نێو شانشینی خودا " پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : شانشینی خودا گەنجینەیەکی بەنرخە ئەوەی بیەوێ دەستی بکەوێت دەبێت ئامادە بێت واز لە هەموو شتەکانی دیکەی بهێنێت لەپێناویدا . |

چوونە نێو شانشینی خودا نرخی هەیە و قوربانی دەوێ . مرواری بە نرخ زۆر بەنرخترە لەوەی بازرگانەکە هەیەتی ، شانشینی خودا

هەستكردنە و باوەڕداری ڕاستەقینە لە دڵیداو لە ژیانیدایە . ئەمەش بە باوەڕ بە عیسای مەسیح دێتە دی هەروەها گوێرایەڵی مرۆڤ بۆ ڕاسپاردەكانی خودا لە ژیانیدا .

**٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە كتێبی پیرۆزدا.**

پێشەكی : زۆرێك لە نمونەكان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەكتریان بەراورد بكەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەكدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەكە بەشەكانی دیكەی كتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەكاتەوەو فێرمان دەكات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە كتێبیە بدۆزیتەوە كە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەكەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەكردنی نمونەكە . ئاگاداربە لە ڕاڤەكردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێركردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی كتێبی پیرۆز .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : فێركردنەكانی بەشەكانی دیكەی كتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێكچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێركردنەی نمونەی ئاشكراكردنی شانشینی خودا و چوونە ناوی ؟

**تێبینیەكان .**

* مەرقۆس ١٠: ١٧- ٢٧ .

*** كردار ٨: ٢٦- ٣٨ .**

* كردار ١٠: ١- ٥ ، ٣٠- ٣٦ .

* كردار ١٦: ١٤ .

* كردار ١٧: ١٠- ١٢ .

ج. کورتەی فێرکردنە سەرەکیەکانی هەردوو نمونەکەی تایبەت بە نرخی چوونە نێو شانشینی خودا .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو پەیامە سەرکەی فێرکردنانە کامەن نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح چی لێمان دەوێ کە بیزانین و باوەڕمان پێی هەبێت ، وە دەیەوێ ئێمە چی بین و چی بکەین ؟

پەیامی سەرەکی : بڕوانە لۆقا ٩: ٥٧- ٦٢ ؛ ١٤: ٢٥- ٣٣ ؛ مەرقۆس ٨: ٣١- ٣٨ ! .

هەروەها ئاشكرای بکەو بزانە کە چوونە نێو شانشینی خودا زۆر گرنگە . مەتا ٦: ٣٣ .

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| | |
|---|---|
| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) **بۆ وانەی داهاتوو** |

**ڕابەری کۆمەڵکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نمونەی کرێگرتە بەدکارەکان " .

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢ سامۆئیل ١١، ١٢ ، ١٣ ، ٢٤ .   باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی ئایەتەکانی لەبەرکردن کە لە نامەی ڕۆما وەرگیراون .

٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٣: ٢١- ٣١. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .

٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

## وانەی (١٢)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢ساموئیل |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز ( ٢ساموئیل ١١، ١٢ ، ١٣ ، ٢٤) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بە ئایەتەکانی لەبەرکردن لە نامەی ڕۆما |

. بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) پێداچونەوە بکەن بۆ زنیجرە ئایەتەکانی لەبەرکردن لە نامەی ڕۆما .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٣: 21 -31 |

پێشەکی : لە ڕۆما 3: 19 -20 پۆڵسی نێردراو کۆتایی بە فێرکردنەکەی دەهێنێ بە دەرئەنجامی ئەوەی هیچ جولەکەو ناجولەکەیەك لەبەرچاوی خودا بێتاوان وڕاستودروست نیە . وە لە ڕۆما ٣: ٢١ -٣١ پۆڵس فێرمان دەکات لەبارەی ئەوەی مرۆڤ چۆن دەتوانێ بێتاوانی و ڕاستودروستی بەدەست بهێنێ .

**هەنگاوی ١: بخوێنەوە .          وشەی خودا**
پێکەوە ڕۆما ٣: ٢١- ٣١  **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

**هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە.          تێبینیەکان**
**بیرکەوە** . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
**بنوسە .** یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
**بەشداری بکە.** ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن ).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

**ڕۆما ٣: ٢١- ٢٤**

**<u>ئاشکراکردنی ١: پۆڵسی نێردراو سروشتی بێتاوانکردن شرۆڤە دەکات .</u>**

ئیشایا ٥٣: ٥- ٦ .

ڕۆما ٣: ٢٤- ٢٥ .

ئاشکراکردنی ٢: پۆڵسی نێردراو بنەمای بێتاوانکردن شرۆڤە دەکات .

مەرقۆس ١٠: ٤٥ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١ ؛ یۆحەنا ٣: ١٨ ؛ ١پەترۆس ١: ١٨- ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٤- ٧.

ڕۆما ٣: ٢٥ـ ٢٦

ئاشکراکردنی ٣: پۆڵسی نێردراو ئامانج لە بێتاوانکردن شرۆڤە دەکات .

ڕۆما ٣: ٢٧ـ ٣١

ئاشکراکردنی ٤: پۆلسی نێردراو ئەنجامەکانی بێتاوانکردن شرۆڤە دەکات.

**هەنگاوی ٣: پرسیار .          ڕونکردنەوە**
**بیربکەوە** : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٣: ٢١ـ ٣١ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.
**بنوسە**: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.
**بەشداری بکە** : ( دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو ).
**گفتوگۆ بکە** : ( دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە ).
(ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان ).

**ڕۆما ٣: ٢١**

**پرسیاری ١ :** وشەی "شەریعەت" لە نامەی ڕۆما ٣ واتای چی یە ؟

تێبینیەکان .

وشەی شەریعەت لە نامەی ڕۆما و تەواوی کتێبی پیرۆزدا چەندین واتای جیاوازی هەیە .

أ. شەریعەت ، داواکاری خودای ڕاستودروست و پیرۆزە لە هەموو خەڵکی (ڕۆما ٣: ١٩) . هەروەها بروانە ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠ .

ب. شەریعەت ، ڕاسپاردەو ڕێگریەکان و فێرکردنەکانی نێو کتێبی پیرۆزە (ڕۆما ٣: ١٠- ١٨) . شەریعەتی ئەخلاقی ، هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٤: ١٢ ؛ ٢ تیمۆساوس ٣: ١٦- ١٧ ؛ یۆحەنا ١٦: ٨ .

دوەم : شەریعەتەکانی پەرستش .

شەریعەتەکانی پەرستش یان داواکاریەکانی خودا لەخەڵکی بۆ چۆنیەتی پەرستنی و نوێژکردن . عیبرانیەکان ٧: ١٢ ؛ مەتا ٥: ١٧ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥ کۆتایی پێهێنا ؛ گەڵاتیە ٤: ٨- ١٠ ؛ ٥: ١- ٧ ؛ یۆحەنا ٤: ٢٣- ٢٤ .

شەریعەتە مەدەنیەکان .

ئەم شەریعەتە لەلایەن خودای ڕاسودروستەوە هەروەها داواکاری ئەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەو گەل .

ج. شەریعەت ، نوسراوەکانی پەیمانی کۆنەو یان بەشێکی پەیمانی کۆن (ڕۆما ٣: ١٩ ، ٢١) .

مەتا ٥: ١٧ ؛ ڕۆما ٣: ٢١ ؛ پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ گەڵاتیە ٣: ٦- ٩ .

د. دەشێ شەریعەت بنەمایەك یان سیستەمێك بێت بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان (ڕۆما ٣: ٢٧) .

ڕۆما ٣: ٢١ـ ٢٤

پرسیاری ٢: بنەماو سروشتی بێتاوانکردن و ڕزگاریی کامانەن ؟

تێبینیەکان .

أ. سروشتی بێتاوانکردن : بێتاوان کردن ڕاستودروستی خودایە نەك مرۆڤ ( ڕۆما ٣: ٢١، ٢٣ ) .

ب. ئامرازی بێتاوانکردن : تەنها بە باوەڕ بێتاوانکردن پێشوازی لێ دەکرێ (ڕۆما ٣: ٢٢) .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٨ .

ڕۆما ٣: ٢٤ـ ٢٥

پرسیاری ٣: کاریگەری بێتاوانکرن یان ڕزگاریی کامەیە ؟

تێبینیەکان .

کاریگەری بێتاوانکردن خۆبەختکردنەی عیسایە لە پێناوی گوناهەکانمان (ڕۆما ٣: ٢٤) .

عیسای مەسیح هات و خۆی بەخت کرد لە پێناوی ئێمەدا ، یۆحەنا ١٠: ١٨ ؛ ١پەترۆس ١: ١٨ـ ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٤ـ ٧ ؛ ئیشایا ٤٣: ١٠ـ ١١ .

ب. کاریگەری بێتاوانکردن بیرکردنەوەیە لە بارەی گوناهەوەو هەروەها تورەیی خودای دادپەروەر و پیرۆزو ڕاستودروست لە گوناهە (ڕۆما ٣: ٢٥) . لێڤیەکان ١٧: ١١ ؛ عیبرانیەکان ٩: ٢٢ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٣ـ ٤ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٥ ؛ ٧: ٢٦ـ ٢٧؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١ ؛ یۆحەنا ١٠: ١٧ـ ١٨ ؛ مەتا ١٦: ٥٣ ؛ کردار ٢: ٢٣ ؛ ١پەترۆس ١: ٢٠ ؛ کردار ٢: ٢٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٩ـ ١١ ؛ ١پەترۆس ١: ١٨ – ٢٠ ؛ کردار ٢: ٢٣ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٥ .

ڕۆما ٣: ٢٥- ٢٦

پرسیاری ٤: ئامانج لە بێتاوانکردن یان ڕزگاریی چی یە ؟

تێبینیەکان .

ئامانج لێی دەرکەوتنی ڕاستودروستی خودایە .

کردار ١٧: ٣٠ ؛ کردار ١٤: ١٦ ؛ پەیدابوون ١٥: ٦ ؛ زەبور ٣٢: ١- ٢ ؛ عیبرانیەکان ٩: ٢٢ .

هەروەها بڕوانە مەرقۆس ١٠: ٤٥ ؛ یۆحەنا ١٠: ١١ ؛ یۆحەنا ١: ٢٩ ؛ ١٠: ١٧- ١٨ ؛ ١١ : ٥١- ٥٢ ؛ ١٢: ٣١- ٣٢ ؛ کردار ٢: ٢٣- ٢٤ ، ٣٦ ؛ ٣: ١٣- ١٥ ، ١٨؛ ٤: ١٠ : ١٠- ١٢ ؛ ٥: ٣٠- ٣١ ؛ ٧: ٥٢، ٥٥ ؛ ٨: ٣٢ ؛ ١٠: ٣٩- ٤٣ ؛ ١٣: ٢٧- ٣٥ ؛ ٢٦: ٢٢- ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٢٣ – ٢٤ ؛ بینین ١٢: ١١ .

ڕۆما ٣: ٢٧- ٣١

پرسیاری ٥: ئەنجامەکانی بێتاوانکردن یان ڕزگاریی کامانەن ؟

تێبینیەکان . بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٧- ٢٨ . هەروەها ڕۆما ٣: ٢٩- ٣٠ ؛ دواوتار ٦: ٤ ؛ ڕۆما ١: ١٧ ؛ ٤: ١٦ ؛ ڕۆما ٣: ٢٢، ٢٥ ؛ گەلاتیە ٢: ١٦ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٣: ٣١ ؛ ڕۆما ٧: ٧- ١٣ ؛ ١٣: ٨- ١٠ .

| | |
|---|---|
| **هەنگاوی ٤: پەیرەوی بکە.** | **پەیرەوکردن** |

**بیربکەوە :** چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟
**بەشداری بکەو بنوسە:** وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٣: ٢١- ٣١ .
**بیربکەوە** : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
**بنوسە** : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا دایناوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن .
ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون ).

## ١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٣: ٢١- ٣١ .

٣: ٢١ : بزانە کە چۆن پەیمانی کۆنیش هەروەها هەمان پەیامی ئەوەیە کە بێتاوانکردن بە باوەڕە لە ڕێگەی نیعمەتی خوداوە .

٣: ٢٢ : بزانە کە فێرکردنەکانی پەیمانی نوێ هیچ جیاوازیەك ناکات لە نێوان جولەکەو ناجولەکەدا .

٣: ٢٣ : بیربکەوە لەهەموو ئەو لایەنانە بکەوە کە مۆرڤ تیادا لاوازە لە گەیشتن بە پێوەری خودای پڕو تەواو .

٣: ٢٧ : بیر بکەوە کە چۆن دەتوانی شانازی بکەیت بە مەسیح و کارە ڕزگاریە تەواوەتیەکەی .

٣: ٢٨ : خۆت بپشکنە و بزانە ئایا تا ئێستا هەوڵ دەدەیت بە کارکردن بە هەندێ شەریعەت ڕەزامەندی خودا بەدەست بهێنیت .

٣: ٢٩ : خودا خودای هەموانە ، ئایا چۆن دەتوانی پێشکەشی دەوروبەری خۆتی بکەیت یاخود بۆ هەموانی ڕابگەیەنی ؟

٣: ٣١ : بە ڕوونی جیاکاری بکە لە نێوان کاری باوەڕو کاری شەریعەت.

**٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :**

أ. نامەی ڕۆما ٣: ٢٤ هەواڵمان دەداتێ کە بێتاوان بووین بە باوەڕ بە نیعمەتی خودا بێ بەرامبەر . دەمەوێ لەیادم بێت هەمیشە بەبێ بەرامبەر بێتاوان کرام بەڵام لەلایەکی ترەوە خودا نرخێکی گەورەو مەزنی بەخشی بۆ ئەم بێتاوانکردنەم ئەویش کوڕە تاقانەکەی خۆی بوو بوە قوربانی و کەفارەتی گوناهەکانم لە بری من .

ب. نامەی ڕۆما ٣: ٢٧ هەواڵمان دەداتێ کە ڕێگەی باوەڕ بە عیسای مەسیح دوورە لە کردەوەی مرۆڤ و پشت بەستن بە کردەوەی مرۆڤ ، بۆیە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ شانازی بکات بە ڕێگەکانی خۆی . هەروەها بڕوانە ١ کۆرنسۆس ١: ٣٠- ٣١ ! بۆیە دەمەوێ تەنها شانازی بە عیسای مەسیح و کارە ڕزگاریەکەی بکەم لە پێناومدا .

**<u>هەنگاوی ٥: نوێژ بکە</u>        هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما 3: ٢١- ٣١ .
( بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا ). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر ).

| نوێژ ( ٨ خولەك ) **نوێژی داكۆكیكاری** | ٥ |
|---|---|

**بەردەوام بن لە نوێژ** لە شێوەی كۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەكانتان بەرز بكەنەوە لە پێناوی یەكتر و لە پێناوی خەڵكی جیهان.

| **ئەركی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** | ٦ |
|---|---|

**ڕابەری كۆمەڵەكە .** ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەكانی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) ڕۆما 3: ٢١- ٣١.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ١ پاشایان ٣، ٤ ، ١١ ، ١٨ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : تێڕامان بكەو ئایەتی نوێی لەبەركردن " سروشتی كڵێسا " ١پەترۆس ٢: ٥ لەبەر بكە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە كە لەبەرت كردوون .
٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : نمونەی ( داوەتی پاشا ) لە مەتا 22: 1- 14 وە " نمونەی میوانداریەك یاخود شێوێكی مەزن " لە لۆقا ١٤: ١٥- ٢٤ . ئەو پێنج

ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە.
تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئەم ئامادەکاریەوە هەیە بۆ هەفتەی ئاینده .

**پاشکۆی ١**

## ڕاڤەی نمونەکانی عیسا لە کتێبی پیرۆزدا

پێشەکی : لەم زنجیرە وانەو وتارەدا لەبارەی شانشینی خودا دەرفەتێکت هەیە بۆ فێربوون سەبارەت بە چۆنیەتی تێگەیشتن لە نمونەکانی خوداوەند عیسای مەسیح و فێرکردنەکانی یان وتار و ئامۆژگاریەکانی .

أ. نمونە

مەتا ١٣: ٣١- ٣٢ ؛ یۆحەنا ١٥: ١- ٦ ؛ حەزقێیل ٤: ١- ٨ بخوێنەوە .

فێرکردن : " نمونە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی

ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

نمونە تۆماری ڕوداوێکی مێژوویی نیە بەڵام دەبێت نمونە گوزراش بکات لە بارودۆخی ڕاستەقینە . نمونە پێناسەی هەندێ شت دەکات ڕەنگە ڕوویدابێت لە مێژوودا . وە نمونە لە چوارچێوەی گریمانەی ڕاستەقینەدایە و سنوری گریمانە تێناپەڕێنێ (مەتا ١٣: ٣١- ٣٢ ) وە نمونە لە ڕووی شێوازەوە جیاوازیان هەیە لە شوبهاندنی ئەوانی دیکە ، وەکو شوبهاندنی نێو (یۆحەنا ١٥: ١- ٦) یان هێماو نیشانەی پێشبینی کردن ( خەزقێیل ٤: ١- ٨) کە ڕەنگە ڕوودات یان ڕوونەدات لە ژیاندا .

ب. ئامانج ی نمونە

مەتا ٧: ٦؛ ١٠: ١٤- ١٥ ، ٢٣ ، ٢٦- ٢٧؛ ١٣: ١٠- ١٧ ؛ مەرقۆس ٤: ١٠- ١٢ ؛ لۆقا ٨: ١٠ .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بۆچی عیسا بە نمونە دەدوا ؟

تێبینیەکان .

ئامانج لە نمونە شرۆڤەکردنی ڕاستی ئاسمانیە بە چیرۆکی سەر زەوی .

لۆقا ٨: ١٠ . هەروەها بڕوانە مەتا ١٠: ٢٧ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ ؛ مەتا ٧: ٦ ؛ لۆقا ١٣: ١- ٩ ؛ کردار ١٣: ٤٥- ٤٦ ؛ ١٨: ٥- ٦ ؛ ڕۆما ١٦: ١٧- ١٨ ؛ تیتۆس ٣: ١٠ ؛ مەتا ٩: ٣٧ .

ج. نیشانەکانی نمونە

١. بنەماکانی نمونە کە ڕەنگە بونیان هەبێت .

مەتا ١٣: ٣١- ٣٢ ؛ مەتا ١٣: ٣- ٩ ، ١٨ — ٢٣ ؛ لۆقا ١٠: ٢٥- ٣٧ .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە :

تێبینیەكان .

٢. سێ بنەماكانی نمونە .

أ. چوارچێوە / ژینگە / پاشخانی نمونە .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە :

تێبینیەكان .

لۆقا ١٠: ٢٥- ٢٩ بخوێنەوە .

پاشخانی نمونەكەی سامیریە چاكەكارەكە ...

لۆقا ١٥: ٣- ٧ ؛ مەتا ١٨: ١٢- ١٤ پاشخانی نمونەكەی ( مەڕی ونبوو) لە هەردوو ئینجیلی لۆقاو مەتا وەك یەكن .

ب. چیرۆكی نمونە .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە :

تێبینیەكان .

لۆقا ١٠: ٣٠- ٣٥ بخوێنەوە ؛ هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٠: ١- ١٨ ؛ زەكەریا ٥: ١- ٤ هەردوكیان بەراورد بكە بەیەكتر دەبینی شێوازیان جیاوازە .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێكردنی نمونە .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : ئەو شرۆڤەو چیبەجێكردنانە كامانەن پەیوەندیان بەم نمونەوە هەیە ؟

تێبینیەكان .

مەتا ١٣: ٤٤ بخوێنەوە . عیسا شرۆڤە یان جەێبەجێكردنێك نادات كە بەسترابێتەوە بە نمونەی مرواری بەنرخ و گرانبەها .

مەتا ٧: ٢٤- ٢٦ بخوێنەوە .

هەروەها مەتا ١٣: ٣٦- ٤٣ بخوێنەوە .

د. بنەماکانی ڕێنمایی سەرەکی لە ڕاڤەکردنی نمونەدا .

چەندین جۆر شێوازی وێژەیی هەیە لە کتێبی پیرۆزدا . بۆیە کاتێك مرۆڤ ئۆتۆمبیل لێدەخوڕێ دەبێت پەیوەست بێت بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە ، هەر لە ئاستی خێرایی و بەستنەوەی پشتێنی سەلامەتی و ڕەچاوکردنی هێماکانی هاتوچۆ و تاد . بەهەمان شێوە دەبێت باوەڕداران ڕەچاوی بنەماکانی کتێبی پیرۆز بکەن لەکاتی ڕاڤەکردندا و پەیوەست بن پێوەی .

* گێڕانەوە مێژووییەکان (مەتا ١: ١٨- ٢٥ ، وە لیستی ڕەچەڵەکی نەوەکان (مەتا ١: ١- ١٧ ، وە نامەکان (فلیمۆن)

* فێرکردنەکان (یۆحەنا ١٤: ٦) ڕاسپاردەکان (یۆحەنا ١٣: ٣٤- ٣٥) ، ڕێگریەکان (مەتا ٥: ٣٩ ؛ ٦: ١، ٥ ، ١٦ ، ١٩ ، ٢٥؛ ٧: ١، ٦ ) .

* شێوازی دەربڕین و زمانی میتافۆری جیاواز ، وەکو شوبهاندن (ئیشایا ٥٣: ٦) ، وە زەبور ٢٣: ١ ، وە نمونەیی یەکەمین (عیبرانیەکان ١٠: ٨- ١٠) ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٧- ٨ ) وە هێما ( زەبور ١١٩: ١٠٥ ؛ یەرمیا ٢٣: ٢٩) .

هۆنراوە (ئەیوب ، زەبور ، پەندەکان )

نمونەکانی عیسا .

پێشبینیەکان (ئیشایا و یەرمیا) .

بینینی وێژەیی (دانیال و بینینی یۆحەنا).

بنەمای ١ : چیرۆکی سروشتی نمونەکە تێ بگە . مەتا ٢٢: ١- ١٤ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

تێبینیەکان .

بنەمای ٢: چوارچیوەی ڕاستەوخۆی نمونەکە بخوێنەوەو بنەماکانی دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

تێبینیەکان .

نمونەی سامیریە چاکەکارەکە . لۆقا ١٠: ٢٩ .

نمونەی مەڕی ونبوو .

لۆقا ١٥: ١- ٢ بخوێنەوە .

نمونەی بێوەژنەکە . لۆقا ١٨: ١ بخوێنەوە .

نمونەی ڕەزەوانەکان .

مەتا ٢٠: ١- ١٦ بخوێنەوە هەروەها بەراوردی بکە بە مەتا ١٩: ١٦- ٣٠ ؛ مەتا ٢٠: ٩- ١٠ ؛ مەتا ٢٠: ١٦، وە ١٩: ٢٧، ٣٠ .

بنەمای ٣: وردەکاریەکان دیاری بکە ئایا واتای مەبەستدار و واتای بێ مەبەست هەیە لە نمونەکەدا .

بڕوانە لۆقا ١٦: ١، ١٩ .

چیرۆکێکی میتافۆریە یان نمونەیە ؟

یۆحەنا ١٥: ١- ١٧ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٨ چێرۆکێکی میتافۆریە .

ڕاڤەی میتافۆری نمونەکان .

لۆقا ١٠: ٢٥- ٣٧ ڕاڤەیەکی میتافۆریە .

ج. وردەکاریە گرنگەکان دیاری بکە ئەوانەی واتادارن .

لۆقا ١٥: ١١- ٣٢ کوڕی ونبوو .

د. ئەو وردەکاریانە دیاری بکە کە گرنگ نین .

لۆقا ١٧: ٧- ١٠ ؛ لۆقا ١٧: ٣- ٤ .

بنەمای ٤: پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە :

تێبینیەکان .

نمونەی سامیریە چاکەکارەکە .

لۆقا ١٠: ٢٥- ٢٩ پەیامی سەرەکی لەم نمونەیەدا چی یە ؟

نمونەی جوتیار یان تۆوچێن .

مەتا ١٣: ٣- ٩ . پەیامی سەرەکەی لەم نمونەیدا چی یە ؟

نمونەی کرێگرتە فێڵبازەکە .

لۆقا ١٦: ١- ١٣ پەیامی سەرەکەی لەم نمونەیدا چی یە ؟ بڕوانە ئایەتی ٨ و ٩ .

بنەمای ٥ : بەراوردی هەر بەشێکی هاوسەنگ و بەرامبەر لەگەڵ ئەوی تردا بکە لە کتێبی پیرۆزدا .

أ. هەندێ نمونە لێکچوون و دەکرێ بەیەکتریان بەراورد بکەن .

نمونەی دە پێوانەکە . لۆقا ١٩: ١١- ٢٧ ؛ مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ نمونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ ، مەتا ٢٠: ١- ١٦ نمونەی ڕەزەوانەکان .

ب. بەڵام هەموو نمونەیەك فێکردنێکی جیاواز پێشکەش دەکات .

بنەمای ٦: فێرکردنەکانی باوەڕدارێتی مەسیح لەسەر بنەمای ڕوونی کتێبی پیرۆز پێشکەش بکە . ئەمەش بەرپرسیارێتیە . بڕوانەی نمونەی گەنم و زیزان لە مەتا ١٣: ٣٦- ٤٣ .

هەروەا بڕوانە ڕۆما ٣: ٢١- ٢٦ .

هـ . ئەرك

١. شەش بنەما ڕێنماییە سەرەکیەکان لەبەر بکە تایبەت بە ڕاڤەی نمونەکان.

٢. پاشخان یان بانگراوندی نمونەکان دیاری بکەو شرۆڤە و جێبەجێکردنی ڕەچاو بکە .

وەڵامەکان لە نێو کەوانەکانن :

مەتا ١٣: ٤٧- ٤٨ (مەتا ١٣: ٤٩- ٥٠)

مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ ( مەتا ٢٥: ١٣)

لۆقا ١١: ٥- ٨ ( لۆقا ١١: ٩- ١٠)

لۆقا ١٢: ١٣- ٢٠ ( لۆقا ١٢: ٢١)

لۆقا ١٥: ٣- ٢٣( لۆقا ١٥: ١- ٢)

لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ ( لۆقا ١٦: ١٤)

لۆقا ١٩: ١٢- ٢٧ ( لۆقا ١٩: ١١) .

**پاشکۆی ٢**

## لیستی هەموو نمونەکانی عیسا لە کتێبی پیرۆزدا

بڕوانە  نمونەکان لە هەر چوار ئیجیلەکەدا مەتا ؛ مەرقۆس ؛ لۆقا ؛ یۆحەنا .

**پاشكۆی ٣**

## پێشەكیەك بۆ نامەی ڕۆما

أ. نوسەری نامەی ڕۆما : ڕۆما ٩: ٣- ٤ لەم نامەیدا پۆڵس خۆی بە نوسەر دەناسێنێ (ڕۆما ١: ١) .

ب. ئەوانەی نامەكەیان بۆ نوسراوە .

چۆن كڵێسا لە ڕۆما دامەزرا ؟

١. جولەكە پەرت وبڵاو ببونەوە لە زۆربەی وڵاتەكاندا . سەرەتای ڕاپێچكردنی شانشینی باكور بەرەو ئاشور لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین و شانشینی باشور بەرەو بابل لە هەردوو سەدەی حەوتەم وهەشتەمی پێش زایین ، وای لە جولەكەكان كرد بە وڵاتانێكی زۆردا بڵاوە بكەن و تیایدا بژین ، وەكو بابل (عێراقی ئێستا) وە فارس (ئێرانی ئێستا) وە میسر و سۆدان و سوریاو ئاسیای بچووك (توركیای ئێستا) و یۆنان و ئیتالیا .

بڕوانە جولەكەو بەجولەكە بووەكان (كردار ١٣: ٤٣) هەروەها بڕوانە پەیدابوون ١٧: ١- ١٤ ؛ كردار ١٦: ١٤ ؛ دەرچوون ٢٠: ١- ١٧ ؛ كردار ١٣: ٤٣- ٤٩ .

٢. جولەكەی ڕۆما .

زۆرێك لە جولەكەو بە جولەكە بوو لە ڕۆما بوون پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ، لەسەرەتادا وەكو زیندانی یاخود دیل هاتبوونە ئەوێ ، بەڵام دواتر ئازاد كرابوون ، ئیدی لەوێ دەژیان .

٣. ڕەچەڵەك و دروستبوونی كڵێسا لە ڕۆما .

نەزانراوە چۆن لەسەرەتادا مزگێنی ئینجیل گەیشتوە بە ڕۆما .

خزمەتی عیسا .

بڕوانە مەتا ٨: ٥- ١١ ؛ یۆحەنا ٤: ٧ ؛ ١٢: ٢٠- ٢١ ؛ بە وردی سەرنج بدە مەتا ٨: ٥- ١٢.

خزمەتی پەترۆس .

کردار ٢: ١٠- ١٢ ؛ کردار ٩: ٢٦- ٢٨ ؛ گەڵاتیە ١: ١٨ ؛ کردار ١٠: ١- ٤٨ ؛ کردار ١١: ٢٨ ؛ کردار ١٢: ١ – ٧ .

خزمەتی مەرقۆس .

بەپێی شایەتی پیرانی کڵێسای یەکەمین ، مەرقۆس لەگەڵ پەترۆسدا لە ڕۆما خزمەتی کردوە . ئەمەش پێ دەچی لە ساڵی ٤٤ ی زایینی بووبێت .

خزمەتی باوەڕدارانی دیکە .

کردار ١٨: ٢ ؛ کردار ١٨: ١٨- ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١٦: ١٩ ؛ ڕۆما ١٦: ٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ١٩ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ٢٥- ٢٦ .

خزمەتی پۆڵس .

لە نێوان ماوەکانی ٤٧- ٥٧ ی زایینی . ڕۆما ١٦: ٣- ١٥ ؛ کردار ٢٥: ١- ١٢ ؛ کردار ٢٨: ؛ فیلیپی ١: ١٢- ١٤ .

لاسایی کردنەوەی خزمەتی نێرداراوان لە ڕۆما .

١پەترۆس ٥: ١٣ ؛ بەراوردی بکە بە کردار ١٥: ١؛ ٢١: ٢٤ .

٤. دانانی کڵێسا لە ڕۆما .

ڕۆما ١: ٥- ٦ ، ١٣ ؛ ١١: ١٣ ؛ ١٥: ٩- ١٨ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٤:١ تا ١٥: ١٣ سەرزەنشتەکانی پۆڵس .

بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٣ دەربارەی فێرکردنەکانی پۆڵس هەروەها ڕۆما ٣: ٢٤- ٢٥ ، ٢٨ .

وە ڕۆما ٤: ١١- ١٢ ، ١٣ .

ج. مێژوو هوەرها شوێنی نوسینەوەی نامەی ڕۆما .

١. شوێنی نوسینەوەی نامەی ڕۆما .

بڕوانە کردار ٢٠: ٢- ٣ ؛ڕۆما ١٥: ٢٥- ٢٦ ؛ ڕۆما ١٦: ٢٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ١٤ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٢٠ ؛ ڕۆما ١٦: ١ .

٢. مێژووی نوسینەوەی نامەی ڕۆما

بڕوانە کردار ٢٠: ١٦ ، ئەم نامەیە نوسرا بۆ کڵێسای ڕۆما لە کۆرنسۆس نزیکی کۆتایی زستانی ساڵی ٥٧ ی زایینی .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٦: ١- ٢ ؛ ڕۆما ١٥: ٢٣- ٢٤ ؛ ڕۆما ١: ١٠ .

٣. مێژووی سێ یەمی گەشتەکانی مزگێنیدانی پۆڵس .

لە نێوان ساڵەکانی ٥٢ – ٥٩ ی زایینی بڕوانە کردار ٢٤: ٢٧ هەروەها ساڵەکانی ٥٧- ٥٩ ی زایینی و سالەکانی ٥٣ – ٥٧ ی زایینی .

د. ئامانج لە نامەی ڕۆما . بڕوانە ڕۆما ١٥: ٢٣ ؛ ڕۆما ١: ٨- ١٥ ؛ کردار ٢٠: ٣، ٢٢- ٢٣ .

هەروەها بڕوانە یارمەتیدانەکانی پۆڵس بۆ باوەڕداران لە ڕۆما . ڕۆما ٤: ١ ؛ ٦: ١؛ ٧: ٧ ؛ ٨: ٣١؛ ٩: ١٤- ٣٠ .

هەر لەبارەی خزمەتەکانی پۆڵسەوە بڕوانە ڕۆما ١٥: ٢٤ ؛ ١کۆرنسۆس ٩: ٢٢ ؛ ١٠: ٣١ .

پۆڵس داوا لە باوەڕداران دەکات کە دەبێت هەموو باوەڕدارێکی مەسیحی ملکەچی دەسەڵاتداران بن . هەروەها دەبێت هەموو باوەڕدارێکی

مەسیحی بەهێز پێشوازی بکەن لە باوەڕدارانی لاواز و دەستیان پێوە بگرن بەڵام لەو سنورەدا کە پێچەوانەی ڕاستیەکانی کتێبی پیرۆز نەبن .
بڕوانە ڕۆما ١٣: ١- ٧ هەروەها ڕۆما ١٤: ١- ١٥: ١٣) .